




# شەرەفکەندی، ڕێبەر و ڕووناکبیرێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕ

## نووسینەکانی؛ قادر وریا

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسینی: قادر وریا

# پێڕست:

١– كوردستان"، سەنگەرێكی دیكەی تێكۆشانی ڕێبەری شەهیدمان........................................ ٣

٢– یادی د.شەرەفكەندی، بۆنەیەک بۆ هاوپێوەندی لە گەڵ گەلی كوردو حیزبی دیموكرات.................. ٧

٣– چاردە ساڵەی شەهید بوونی دوكتور شەرەفكەندی و هاوڕێیانی........................................ ١٤

٤– بڕیاری دادگای میكونووس پەڵەیەكی هەمیشەیی بە تەوێڵی كۆماری ئیسلامی‌یەوە.......................... ١٩

٥– دوكتور شەرەفكەندیی ڕێبەر، وەک نووسەرێک............................................... ٢٤

٦– دوكتور شەرەفكەندی، لە ئاوێنەی بیر و بۆچوونەكانی دا........................................ ٣٢

٧– ئەو ئەلفوبێیەی د.شەرەفكەندی فێری كردین!............................................... ٣٩

٨– وڵامێک تژی خاكەڕایی و وردبینی و مامۆستایی............................................... ٤٢

٩– تیرۆریزمی كۆماری ئیسلامی لە دوای بڕیارە مێژووییەكەی دادگای بێرلینەوە.......................... ٤٥


١٠– بوێر بوون لە ڕەخنەگرتن و ئازایەتی لە داواكردنی گۆڕاندا.................................... ٤٧

١١– د.شەرەفكەندی و مامۆستا هەژاری موكریانیی برای و "مەسەلەی ویژدان"............................ ٥٠

١٢- كورتەیەک لە ژیننامەی هاوڕێ د. قادر وریا.................................................. ٥٢

نووسینی: قادر وریا

## "کوردستان"، سەنگەرێکی دیکەی تێکۆشانی ڕێبەری شەهیدمان



نووسەری، یەکێک لە مەرجەکانی "جامع" بوونی هەر ڕێبەرێکی سیاسیی دنیای ئەمڕۆیە. ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێ کە نووسین و کاری ڕۆژنامەنووسینی سیاسی دەتوانن لە تەبلیغ و بەرەوپێش بردنی مەبەستە سیاسی و شۆڕشگێڕانەکان دا چەکێکی کاریگەر بن، قبوولْ دەکەین کە ئەو ڕێبەرە سیاسییانەی توانای بەکارهێنانی وەها چەکێکیان هەیە، دەتوانن خزمەتێکی گەورە بە تێگەیاندنی خەڵک لە بیروباوەڕی خۆیان و حیزبەکەیان بکەن و ئەوانەش کە لەو توانایە بێبەشن لەگەڵ چ کەمایەسییەکی گەورە بەرەوڕوون.

ڕێبەری شەهیدی حیزبەکەمان دوکتور سادق شەرەفکەندی (کاک سەعید)لە مەیدانی نووسین و ڕۆژنامەنووسییش دا توانا و دەسەڵاتێکی شیاوی ڕێزو ئافەرینی هەبوو. ئەو لە ماوەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی لە نێو حیزب دا چەند جارو لەسەر یەک چەند ساڵ ئەرکی بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب و ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە سەرشان بوو.

بۆ ئەوەی نووسەر یان ڕۆژنامەنووس بتوانی لە ڕێگای نووسینەکانییەوە ئاگایی خوێنەران لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا بەرەو ژوور بەرێ، پێویستە لە ئاستێکی بەرزی ئاگایی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دا بێ. جا ئەگەر ئەو نووسەرە بەرپرس

و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزبێکی سیاسیی بەنفووزو ڕێبەری جووڵانەوەیەکی بەهێزی شۆڕشگێڕانەش بێ، ئاشکرایە بێجگە لە زانین و ئاگایی گشتی، دەبێ سیاسییەکی کارامەش بێ. پێویستە بە تەواوی شارەزای سیاسەتەکانی حیزبەکەی بێ، بتوانێ مەسەلە گرینگ و ئاڵۆزەکان شی کاتەوە، ڕووداوەکان لە ڕوانگەی حیزبەوە هەڵسەنگێنێ و گرینگتر لەوانەش ئەو توانایەی هەبێ نووسینەکانی بکاتە ڕێنوێن و ڕێ نیشاندەری ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵک. دوکتوری شەهید هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی هەبوون. بۆیە بەحەق نووسەرێکی سەرکەوتوو، سەرنووسەرێکی شارەزاو بەرپرس و بەڕێوەبەرێکی لێوەشاوەی "کوردستان" بوو.

دوکتور شەرەفکەندی خاوەنی پلەیەکی بەرزی زانستی بوو و لە ئاکامی دەیان ساڵ خوێندن و فێربوون و مامۆستایەتی و فێرکردن لە قۆناغە جیاجیاکان دا، لە زانیاریی جۆربەجۆر گەنجینەیەکی گرانبەهای وەسەریەک نابوو. کەوابوو هەر لە ڕۆژی هەوەڵی تێکۆشان لە نێو حیزبی دێموکرات دا خاوەنی زۆر لەو زنیارییانە بوو کە بۆ نووسەرانی ئاسایی پێویستن. بەو حاڵەش ئەو هەتا نەهاتبووە نێو حیزب، کاری نووسینی سیاسیی نەکردبوو و لە نێو حیزب دا بوو کە لە ماوەیەکی کورت دا توانی ببێ بە نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی بەتوانا.

هۆیەکی ئەسلیی پێشکەوتنی دوکتور سەعیدی نەمر لە مەیدانە جۆربەجۆرەکانی تێکۆشانی حیزبی دا، بوونی ئەو گەنجینە بەنرخەی زانست و زانیاری بوو کە ئیشارەمان پێکرد. بەڵام ئەو هەموو زانست و زانینە هەرگیز نەببووە هۆی لە خۆبایی بوونی ئەو و وای لێ نەکردبوو لە فێربوونی زیاتر خۆی بێ نیاز بزانێ. هەر بۆیەش لە خوێندنەوەی تازەترین چاپەمەنی و کتێبی نێوخۆو دەرەوە، لە بیستنی بەرنامەی خەبەریی ڕادیۆکان، لە دیتنی فیلمە نوێیەکان و لە فێربوون لەو ئینسانانەی حاشا لە پسپۆری و زاناییان ناکرێ، غافڵ نەبوو. لەو پێوەندییەش دا دیارە زانینی چەند زمان دەروویەکی فرەوانتری بۆ ڕەخساندبوو و دەستڕاگەیشتنی ئەوی بە زانیارییە تازەکانی هاسان کردبۆوە.

ئەو تایبەتمەندییانە لە لایەک و لە لایەکی دیکەش بوونی دوکتور شەرەفکەندی لە کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزب دا ببوونە هۆی ئەوە "کوردستان " لەو ساڵانە دا کە سێبەری ئەو تێکۆشەرە مەزنەی بەسەرەوە بوو، نەخشێکی چالاکی لە شیکردنەوەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب دا هەبێ و خۆشەویستی و پرستیژی خۆی و حیزبەکەی لە نێو خوێنەرانی و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا بپارێزێ و پەرە پێ بدا. دوکتوری نەمر کە بۆ خۆی لە ڕێنەری کردنی حیزب و داڕشتنی سیاسەت و بڕیارەکانی دا لە چەند کەسی هەوەڵی حیزب بوو، لە کاتی بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی دا،" کوردستان "و بڵاوکراوەکانی دیکەی حیزبی، هاوئاهەنگ لەگەڵ خەتی سیاسیی حیزب سەرپەرستی دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێک باسی تێکۆشانی کاک سەعید لە سەنگەری " کوردستان "و کۆمیسیۆنی چاپەمەنی دا دەکەین، ناچارین بڕێک وردتر رۆژان و شەوانی لە بیرنەچووەی ئەو ماوەیە و شێوەی کاری ئەو مامۆستایەمان وەبیر بێنینەوە. لەو ساڵانە دا کە دوکتور سەعید بەرپرسایەتیی بەشی چاپەمەنیی حیزبی لەسەرشان بوو، کەم وا هەبوو لە دەفتەری سیاسیی حیزب دا ئەرک و بەرپرسایەتیی دیکەش پێ نەسپێردرابێ. زۆر جار لە یەک کات دا هەم بەرپرسی رادیۆ بوو، هەم بەرپرسی رۆژنامە. ئەوەش دەزانین کە دوکتور سەعید ماوەیەکی زۆر ئەرکی قورسی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبیشی لەسەرشان بوو. تەنانەت جاری وا هەبوو هەر سێ بەرپرسایەتیی لە یەک کاتدا ڕادەپەڕاند. لەو جۆرە کاتانە دا کە سکرتێری گشتیی حیزب دوکتور قاسملووی نەمر لە سەفەردا دەبوو، هەم کارەکانی ئەوی ئەنجام دەدا، هەم وتاری بۆ رادیۆ دەنووسی و بە بەرنامەکانی رادیۆ دا دەچۆوە و هەم وتاری بۆ" کوردستان "دەنووسی. بە نووسین و وەرگێڕانی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی "کوردستان" دا دەچۆوە و هەڵە و کەموکوورییەکانی لادەبردن و هەتا ئەو کاتەی رۆژنامە لە ژێر چاپ دەهاتە دەر، چاوی لەسەر هەڵ نەدەگرت. بۆ ئێمە کە شانازیی هاوکار بوون لەگەڵ ئەو ئینسانە پڕکار و بە توانایەمان پێ بڕابوو بەراستی جێی پرسیار بوو کە ئەو چۆن دەتوانێ گوێ بۆ رادیۆکان بگرێ؟ کەنگێ چاو بە چاپەمەنیی تازە دادەخشێنێ و کەی ئێستراحەت دەکاو ..

لە هۆیەکانی گەورەیی رێبەرانی شەهیدی حیزب یەکیان ئەوەیە کە لەبەر دەستی خۆیان دا کەسانی ئەوتۆیان پێگەیاندوە کە ئەگەر بە تەنیاش نەبێ، بە هاوکاریی یەکتر بتوانن کەلێنی نەبوونی رێبەران و مامۆستایانی کۆڕی خەباتیان پڕ بکەنەوە. دوکتور شەرەفکەندی لە ماوەی بەڕێوەبردنی " کوردستان " دا گرینگی یەکی زۆری بە ڕاهێنان و فێرکردنی ئەو کەسانە دا کە عەلاقەیان بە نووسین و کاری رۆژنامەنووسی هەبوو، هەر بۆ ئەوەی بە کارەکەیان دڵگەرم بن و ترسیان لە نووسین بشکێ، بە وردی نووسراوەکانیانی دەخوێندەوە، کەموکوورییەکانی بۆ دەستنیشان دەکردن و هێندێک جاریش پاش دەسکارییەکی زۆر رێگای بڵاو بوونەوەی دەدان.

دوا جار کە بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و سەرنووسەریی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کەوتە سەرشانی کاک سەعید، دوای کۆنگرەی هەشتەمی حیزب بوو. دیارە وەک پێشوو ئەرکی بەڕێوە بردنی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانیشی هەروا لەسەرشان بوو. لەو دەورەیە دا زۆربەی ئەندامی دەستەی نووسەرانی " کوردستان" تازەکار بوون. دوکتوری شەهید بۆ ئەوەی هاوکارانی تازەکار هەم لەباری فکرییەوە و هەم لە باری نووسینەوە پێشکەوتنی زیاتر وەدەست بێنن، کۆبوونەوەکانی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کردە کلاسێکی دەرس. کاتێک لێک کۆ دەبووینەوە تا سووژە و بابەتەکانی ژمارەی تازەی "کوردستان "بێنینە بەرباس، مەسەلە تازەکانی بۆ شی دەکردینەوە و ئاسۆی بیری فراوانتر دەکردین کە دەبێ چۆن و لە چ رێگایەکەوە لەگەڵ مەسەلەکانی هەلسوکەوت بکەین. دوای نووسرانی وتارەکان و خوێندنەوەیان لە لایەن ئەندامانی دەستەی نووسەرانەوە، ئەو جار کۆبوونەوەی هەڵسەنگاندن و باس لەسەر وتارەکانمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێک دێنا. بە وردی گوێی بۆ سەرنج و تێبینی و نەزەرەکانمان ڕادەگرت. یەک یەکی نووسراوەکانی هەم لە باری نێوەرۆک و هەم لە باری شێوەی نووسین دێنایە بەرباس و " مامۆستایانە"دەستی دەگرتین تا بەسەر لاوازی و کەموکووڕییەکانمان دا سەرکەوین و هەر لەو کاتەش دا کامڵتر بڕوانین و بیر بکەینەوە.

سەرکەوتنی تێکۆشانی حیزبیی ئەو تێکۆشەرە نەمرە لە بوارە جۆربەجۆرەکان دا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مودیرییەتی ئەو هەبوو. دوکتور سەعید لە بەشەکانی ژێر سەرپەرستیی خۆی دا، ڕێگای تەمبەڵی و تەوەزەلیی بە هاوکارەکانی نەدەدا، چاوپۆشی لە کەمووکوڕییەکانیان نەدەکرد، ئەو کارەی بە هاوکارانی دەسپارد کە لە توانایان دا بوو، ئەهلی کاری بە بەرنامە بوو و لە بەفیڕۆدانی وەخت و ئینێرژی تووڕە بوو. بۆیە لەو ساڵانەش دا کە بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و دەرکردنی ڕۆژنامەی " کوردستان " ی لە عۆدە بوو، نموونەی بەرپرسێکی سەرکەوتوو و ڕێبەرێکی خاوەن تەدبیر و هەموولایەن بوو. لێوەشاوەیی ئەو لە سەنگەری "کوردستان" و چاپەمەنیی حیزب دا نموونەیەک بوو لە توانا و ئیستیعدادی ئەو ڕێبەرە لە هەموو بوارەکانی تێکۆشانی حیزبی دا.

ڕۆژنامەی "کوردستان" یادگارە کۆڵنەدەرەکەی ڕێبەرە خۆشەویستەکانمان، ڕەنج و شەونخوونی و ماندوویی مامۆستاکانی و بە تایبەتی زەحمەتی دوا نووسەری شەهیدی خۆی سادق شەرەفکەندی، لە دڵی مێژووە پڕشانازییەکەی دا دەپارێزی و بەڕێزەوە یادیان دەکاتەوە. "دەستەی نووسەران" و هەموو هاوکارە دڵسۆزەکانی "کوردستان" بە فرمێسکی قەڵەم شینی ساڵرۆژی لە دەستچوونی ڕێبەر و نووسەر و هاوکاری بە توانای ساڵانی پڕبیرەوەرییان دەگێڕن.


**سڵاو لە گیانی پاکی و یادی بەڕێز بێ.**

**ئەم وتارە خەرمانانی ساڵی ١٣٧٢ لە ژمارەی ١٥٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو کراوەتەوە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## یادی د.شەرەفکەندی، بۆنەیەک بۆ هاوپێوەندی لە گەڵ گەلی کوردو حیزبی دیموکرات



### بەرایی:

لە ئۆکتۆبری ٢٠٠٢، پارلمانی فەرانسە بۆ جارێکی دیکە بۆوە بە نوێنگەی هاوپێوەندیی ڕاشکاوانەو گەرم و گوڕی حیزب و کەسایەتیـیە دیموکرات و مرۆڤدۆستەکان لە گەڵ حیزبی دیموکرات و گەلی کورددا.

ڕۆژی ٢٣ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٠٢، بۆ ڕێزگرتن لە کەسایەتیی دوکتۆر شەرەفکەندیو هەڤاڵانی لە ١٠ ساڵەی شەهید بوونیدا، ڕێورەسمێکی تایبەتی بە بەشداریی نوێنەرانی چەندین حیزبو ڕێکخراو و کۆمەڵەی گرنگی فەرانسەیی، ژمارەیەکی بەرچاو لە پارلمانتێران و کەسایەتیـیە مرۆڤدۆستەکانی ئەو وڵاتەو زۆر شەخسییەتی کوردو ئێرانی لە ساڵۆنی "مارس"ی مەجلیسی میللیی فەرانسەدا بەڕێوە چوو.

١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی، لە زۆر وڵاتو شوێنی دیکەی دنیاش بوو بە بۆنەیەک بۆ لێک کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوو کۆمەڵە کوردستانی و ئێرانی یەکان و دۆستانی گەلی کوردو بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێراندا. ئەوان

نووسینی: قادر وریا

لەو بۆنەیەدا وێڕای یادکردنەوە لە کەسایەتی و خەبات و تێکۆشانی دوکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێیانی شەهیدی، وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانی ئەوان و هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەو خەباتە ڕەوایە کە ڕێڕەوانی دوکتور شەرەفکەندی بۆ گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسی درێژەی دەدەن، دووپات کردەوە. ئەو ڕێوڕەسم و کۆبوونەوانە، هەر لەو کاتەدا وەک دەرفەتێک بۆ دووپات کردنەوەی پشتیوانیی هەموو بەشداران لەو خەبات و بەربەرەکانی‌یە کە لە نێوخۆی ئێران و لە لایەن خەڵکی ئەو وڵاتەوە بە دژی دیکتاتوری و پاوانخوازی لە گۆڕێ دایە، کەڵکی لێ وەرگیرا. یادی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی لە بێرلین، ستۆکهۆڵم، پاریس، واشینگتۆن، ئوستڕالیاو لە کوردستان، هەموویان بە نۆبەی خۆیان پڕ بوون لە نیشاندانی ئەو جۆرە وەفاداری و هاوپێوەندی و پشتیوانییانە. بەڵام ڕاستی یەکەی ئەوەیە ئەو کۆبوونەوەیەی لە یەکێک لە سالۆنەکانی مەجلیسی میلیی فەرانسەدا بەو بۆنەیەوە بەڕێوە چوو، بە زۆر هۆ کە لەو وتارەدا ئیشارەیان پێ دەکەم، گرنگی و بایەخێکی تایبەتی هەبوو لە ١٤ ساڵەی شەهید بوونی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا بە دەرفەتی دەزانم لە گەڵ بەجێهێنانی ڕێورەسمی وەفاداری بە ڕێگا و ئامانجە پیرۆزەکانی ئەو ڕێبەرە و هاوڕێیانی شەهیدی دا، یادێک لە مەراسیمی ١٠ ساڵەی شەهیدبوونیان لە مەجلیسی میلیی فەرانسە دا بکەمەوە.

## شوێنی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکەو تەرکیبی بەشداران:

کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢ بۆ یادکردنەوە لە کارەساتی تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی، لە یەکێک لە سالۆنەکانی مەجلیسی میلیی فەرانسە بەڕێوە چوو. ئەوەش یەکەم جار نەبوو کە پارلمانی فەرانسە سالۆن و تالارەکانی خۆی بۆ هاودەنگی لەگەڵ گەلی کوردو بەڕێوەچوونی بۆنەو ڕێوڕەسمی تایبەت بە کوردەکان دەنایە ئیختیار دۆستانی فەرانسەیی گەلی کورد. ٣ ساڵ پێشتریش، ڕۆژی ١٨ی ژوئەنی ١٩٩٩ لە یەکێکی دیکە لە سالۆنەکانی ئەنجومەنی میلیی ئەو وڵاتەدا، ڕێوڕەسمێکی گەورە لە دەساڵەی تیرۆری ڕێبەری مەزنی گەلی کورد دوکتۆر قاسملوودا، پێک هاتبوو. لە ٣١ی مای ساڵی ٢٠٠٠یشدا لە تالاری ویکتۆر هۆگۆ - یەکێک لە تالارەکانی ئەو مەجلیسە، سمینارێک بە بەشداریی چەندین کەسایەتیی کوردو فەرانسەیی، کە لە لایەن نوێنەرانی حیزبی سەوزەکانی ئەو وڵاتەوە پێک هاتبوو، بەڕێوە چووبوو.

ئەوە کە پارلمانی فەرانسە ئیمکاناتی جۆراوجۆری خۆی دەنێتە ئیختیار دۆستانی فەرانسەیی خەباتی گەلی کوردو نوێنەرانی خەبات و تێکۆشانی ئەو گەلەو، ڕێگا دەدا لە ژێر چەتری ئەودا، کۆروکۆبوونەوەی سیاسیی گرنگی تایبەت بۆ یادکردنەوەی تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکرات، بەڕێوە بچێ، هەر لە خۆی دا خاوەنی ماناو پەیامێکی تایبەتی‌یە. ئەو ماناو پەیامەش زۆر ڕوونە. مەجلیسی میلیی فەرانسە کە نوێنەرایەتیی ئیرادەو بڕیاری گەلی فەرانسەو لانکەو مەکۆی دیموکراسی لە دنیادا دەکا، لەگەڵ خەباتی ئوسوولی و دیموکراتیکی گەلی زۆرلێکراوی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ دروستیی ئەو ئیددیعایە دەتوانین پشت بە چەند راستیی دیکەش ببەستین. ئەگەر نەڵێین هەموو، لانی کەم ئەو سێ کۆبوونەوەیەی لەم وتارەدا ئیشارەیان پێ کرا، بە هەوڵی حیزبی سەوزەکانو نوێنەرانی ئەوان لە پارلماندا، پێک هاتوون و هەموو جاریش کۆمەڵێک کەسایەتیی گرنگی فەرانسەو لە پێشەوەی هەمووان مادام میتران و، رێبەرانو نوێنەرانی چەند حیزبو رێکخراو لە حیزب و رێکخراوە لەمێژینەو بە نفووزەکانی ئەو وڵاتە، تێیان دا بەشدار بوون. بەشدارانی فەرانسەیی ئەم چەند کۆڕو کۆبوونەوانە، بەکردەوە نیشانیان داوە کە لە نێو وڵاتەکەی خۆیاندا رێزو ئیعتیبارو نفووزی تایبەت بە خۆیان هەیەو هێندێک لەوان وەک مادام میتران، بێرنارد کۆشنێرو پیەرمۆروا لە ئاستی نێونەتەوەیی دا جێگای رێزو ئیعتبارن. لەگەڵ ئەوانیشدا، هەموو جارێ چەندین کەسایەتیی سیاسی، فەرهەنگی و مرۆڤدۆست لە وڵاتانی دیکەی رۆژئاواوە، دەنگی خۆیان خستۆتە پاڵ دەنگی رێبەرانو نوێنەرانی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد.

## هاوپێوەندیی گەرمو گوڕ، پشتیوانیی راشکاوانە بە جوانترین وشەکانەوە:

زۆر لەو وتارانەی دۆستانی فەرانسەیی و رۆژئاوایی لە رێوڕەسمەکانی پێوەندیدار بە گەلی کوردو حیزبی دیموکرات دا، پێشکێشیان کردن، کاتی خۆی لە رێگای راگەیەنەکانی حیزبی دێموکراتەوە بە ئاگاداریی ئۆگرانی ئەم حیزبە گەیشتوون. ورد بوونەوە لە نێوەرۆکی قسەکانی ئەو دۆستانەی گەلی کوردو حیزبی دیموکرات، هەر لەو کاتەدا کە دەبنە هۆی پێکهاتنی هەستی ئەمەگناسیو پێزانین لە هەر کوردێک و ئێرانییەکی خەباتگێڕدا، رێزو نفووز وخۆشەویستیی حیزبی دێمۆکرات لە لای دۆستانی لەو کات وەبیر دێننەوە. با لە چەند بواردا هەڵوێستەیەک لەو پەیام و وتارانەبکەین کە لە چەند کۆبوونەوەی پێک هاتوو لە پارلمانی فەرانسەدا پێشکێش کراون:

## لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکرات و رێبەرانی شەهیدی دا

لە روانگەی حیزب و کەسایەتییە دیموکرات و مرۆڤدۆستەکانی فەرانسەو رۆژئاواوە، حیزبی دیموکرات سیمبۆلی خەباتێکی سەخت، رەوا، ئوسوولی و ئینسانییە کە سەرەڕای بڕوا هەبوونی بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی کوردو فیداکردنی گەورەترین و بەوەجترین رێبەران و تێکۆشەرانی لەو رێگایەدا، لەنێوخۆی وڵاتەکەی دا هەروا لەگەڵ پەلامارو سەرکوتی خوێناویی دەسەڵاتداران بەرەوڕوویە. لە دەرەوەی وڵاتیش، لە ئورووپا، رێبەرانی لە تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئەماندا نین. دەوڵەتانی ئورووپاییش، ئەگەرچی چەند جار شاهیدی هێرش و جینایەتەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئەو حیزبە بوون، لەبەر قازانج پەرستی، بەرپرسایەتییە سیاسییەکانی خۆیان لەو پێوەندی یەدا لەبیر بردۆتەوە. بەو حاڵەش حیزبی دیموکرات هەروا لە مەیدان دایەو هیوادار بە داهاتووی خەباتی خەڵکی سەرانسەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران و دڵگەرم بە هاوپێوەندیی حیزب و ڕێکخراوو کەسایەتی دیموکرات و مرۆڤدۆستەکان و بیروڕای گشتی و ویژدانی ئاگای دنیای پێشکەوتوو، درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدا. بڕواننە ئەم ڕستانە:

"حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە بۆ دیموکراسی لە ئێران و ئازادیی گەلی کورد خەباتی کردوە. شەهیدان قازی محەممەد، عەبدولرەحمان قاسملوو، سادق شەرەفکەندی بە خۆڕایی تێدا نەچوون. ئەوان وەک خەباتگێڕانی ڕێی مافەکانی مرۆڤ لە زەینی عالەمدا دەمێننەوە، سەوزەکان سڵاو بۆ یادی وان دەنێرن و پەیامی هیواداری و پشتیوانیی خۆیان ئاراستەی جێنشینەکەی وان، سکرتێری گشتیی حیزبەکەتان عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە لێرەیە، دەکەن. عەبدولرەحمانی قاسملوو! محەممەد سادق شەرەفکەندی! ئێمە قەت ئێوەمان لەبیر ناچێتەوە".

پاتریک فاربیاز بەرپرسی کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی حیزبی سەوزەکانی فەرانسە، ڕێوڕەسمی دەساڵەی تیرۆری دوکتۆر شەرفکەندی - پاریس

"لەو هەلومەرجەدا بۆ ئێمە هیچ سەیر نیە کە دەبینین ئەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە هەر وا بوێرانە نوێنگەی هیواو ئامانجی داهاتوویەکی سیاسی یە کە لەودا مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وەدی دێن. ئێمە دەزانین کە ئەو خەباتەتان چەندە سەختە... لەو خەباتەدا ئێمەتان لە گەڵین و زۆر وشیارانەش لە گەڵتانین... خەڵکی ئێران و گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان و بۆ گۆڕانکاریی ڕاستەقینەو بەردەوام پێویستی یەکی زۆر گەورەیان بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەبیرو باوەڕو بایەخەکانی ئەو حیزبەو بە تێکۆشانی بێوچانی ئەو حیزبە هەیە".

لە وتاری ئاغای ژاک فات سکرتێری کومیسیۆنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی کومونیستی فەرانسە، ڕێورەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی لە پاریس

## پشتگیریی داواکانی گەلی کورد بە گشتی و خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران

جارێک سکرتێری گشتیی پێشووی حیزب هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە وتووێژێکدا، نوکتەیەکی زۆر وردو مانادار لە زمانی کەسایەتییەکی گەورەی دۆستی حیزب کە فەرانسەییشە، گێڕایەوە. ئەو دۆستە بەڕێزە گوتبووی "حیزبی دێموکرات ئەو پەنجەرەیەیە کە گەلی کوردو خەباتەکەی لێوەوە دەبینم". مانای ئەو قسەیە زۆر ڕوونە، ئەو دۆستە هەمیشە بە چاوی ڕێزەوەو بە ڕەزامەندییەوە ڕوانیویەتە سیاسەتو هەڵوێست و کردەوەکانی حیزبی دێموکرات. وەختێک بۆ خۆی دەڵێ

لەو پەنجەرەیەوە، سەیری کوردستان و خەباتی گەلی کورد دەکەم، یانی لەو گوشە نیگایەوە، لایەنە باش و جوانەکانی دەبینم.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو باس و وتارو پەیامانەی دۆستانی حیزبی دێموکرات لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی تایبەت بەو حیزبە یا پێوەندیدار بە گەلی کورددا پێشکێشیان کردوون، دەبینین کە ئەوان لە ڕێگای پشتگیریی حیزبی دێموکرات و هاودەردی لەگەڵ کورد لە کوردستانی ئێراندا، هەم هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەو خەبات و تێکۆشانە کە لە سەرانسەری ئێران بە دژی دیکتاتۆری و پاوانخوازی لە گۆڕێ دایە، رادەگەیەنن. هەم پابەندیی خۆیان بەو بەڵێنەی زۆر جاری دیکەش بە گەلی کورد بە گشتی داویانە، دووپات دەکەنەوەو رادەگەیەنن کە هەروا یارو یاوەری ئەو نەتەوە بندەستە چەندین میلیۆنییەن.

ئەوە کە حیزبی دێموکرات هەموو کات داواکار بووە کێشەی کورد لە ئێران لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەو بە شێوەیەکی سیاسی و ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێ و لە تێکۆشانی خۆشی دا پابەندی بە دێموکراسی و ڕێوشوێنە ئینسانییەکانی رەچاو کردوە، لە چاوی کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوە مرۆڤدۆست و دێموکراتەکان شاراوە نەماوەتەوە. ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا، هەر لەگەڵ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی هەر کام لەو وڵاتانەدان کە کوردیان بە سەر خۆیاندا دابەش کردوە. لە شێوەی خەباتێکیش پشتیوانی دەکەن کە لە تیرۆرو رەشەکوژی و پێشێل کردنی مافە ئینسانییەکان بە دوور بێ. هەر لەو کاتەشدا، هەروا کە سەرکوتی گەلی کوردو زەوتکردنی مافەکانی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە مەحکووم دەکەن، خۆ بواردنی وڵاتانی حاکم بە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە بەرەسمی ناسینی مافە نەتەوەیییەکانی ئەو گەلە ریسوا دەکەن. ڕامانێک لە نێوەرۆکی ئەو قسانەی خوارەوە راستیی ئەم ئیددیعایەمان بۆ دەر دەخا:

"بۆ من جێگای شانازی و سەربەرزییە کە دەبینم ئێوە لێرە، لە خانووبەری نوێنەرانی گەلی فەرانسە واتە پارلمان کۆبوونەوە. چونکە پێم وایە ئێمە لەو خەباتەدا کە ئێوە بۆ جێگیر کردنی دێموکراسی و بەرەسمی ناسینی مافەکانی گەلەکەتان بەرێوەی دەبەن، هاودەنگو پشتیوانتانین. ئەمن ئەوە بە ئێوە کوردەکانی ئێران دەڵێم، بەڵام ئێمە لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەش کە لە وڵاتانی دیکە لەگەڵ سەرکوت و چەوسانەوە بەرەوروون، هاودەنگین."

**نوئێل مامێر، ئەندامی پارلمانی فەرانسەو سەرۆکی سەوزەکان و بەرپرسی دەستەی سەوزەکان لە پارلماندا لە ڕێورەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی (٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢)دا.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسینی: قادر وریا

"ئێمە خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ حیزبی دێموکرات بۆتە ئەندامی چالاک لە ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیستدا. ئێمە لەوێ زۆرمان پشتیوانی لە ئەندامەتیی ئەو حیزبە کردو هەر لە ئاکامی ئەو ئەندامەتیی‌یەشەوەیە کە ئەمڕۆ ڕێگا بۆ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەک یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و هادەپ خۆش بووە کە بەشداری کارو بەرنامەکانی ئەنێرناسیۆنالی سوسیالیست بن. ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات لە ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیستدا بۆتە هۆی ئەوەی ئەو ڕێکخراوە بنەماڵەیەکی‌تر لە بنەماڵەکانی خۆی زیاد بکاو بە گشتی بوونی کوردەکان لەو ڕێکخراوەیەدا بۆ هەلومەرجی ئەمڕۆ زۆر باش و بەکەڵکە."

ئالێن شناڵ، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسەو لێپرسراوی بەشی مێدیترانە "سەوزەکان لە خەباتی گەلی کورد لە ئێرانو عێراقو تورکیە پشتیوانی دەکەن. ئێمە لە فەرانسە تا ئێستا زۆر جار لەگەڵ حیزبی دێموکرات بۆ پێکهێنانی خۆپێشاندان و کۆنفرانس و سمینارو مەراسیم هاوکاریمان کردوە. ئێمە حەز دەکەین هاودەنگی و پشتیوانیی خۆمان لەگەڵ گەلی کورد کە بۆ مافەکانی، بۆ کەرامەتی و بۆ ئازادیی خۆی خەبات دەکا، زیاتر بکەین. ئێمە بەتایبەتی هەوڵەکانی خۆمان بۆ سازکردنی گرووپی کاری کوردان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی فەرانسەدا درێژە پێ دەدەین."

پاتریک فاربیاز، سەرۆکی کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی حیزبی سەوزەکانی فەرانسە لە ڕێورەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی دا

وەک گوتم دۆستانی حیزبی دێموکرات لە دەلاقەی حیزبی دێموکراتەوە تەنیا سەیری کوردستان و خەباتی گەلی کوردیان نەکردوە، بەڵکوو لە ئاوێنەی حیزبی دێموکراتدا، زۆر ڕاستیی پێوەندیدار بە وڵاتی ئێرانیشیان بینیوە. ئەوان دەزانن کە حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە یەکەم ئامانجەکانی سەرکوت و پەلاماری کۆماری ئیسلامی بوون. تاوانیشیان تەنیا داوا کردنی ماف و ئازادی یە میللی‌یەکانی خەڵکی کوردستان بووە. هەروەها دەزانن حیزبی دێموکرات داواکاری دێموکراسی بۆ ئێران بووەو هەر لە ڕۆژی هەوەڵی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی‌یەوە، دیکتاتۆری و زۆرداریی ئەو ڕێژیمەی ڕەت کردۆتەوەو نیوەرۆکی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانیی ئەوی لەقاو داوە. لەمێژە بۆ دۆستانو ئۆگرانی خەڵکی ئێران دەرکەوتوە کە زۆر لەو ویست و داخوازانەی حیزبی دێموکرات هێناونیە گۆڕێ، لە هەناوی خەڵکی سەرکوتکراوی ئێرانەوە هەڵقوڵاون. ئەو سەرکوتو بێ حوقووقی و بێ قانوونی‌یەی ئەمڕۆ خەڵکی ئێران دەنگیان بە دژی بەرز کردۆتەوە، لە مێژ ساڵە حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر دا ڕاوەستاوەو زۆرترین قوربانیی لەو پێناوەدا داوە. لە ڕوانگەی ئەو دۆستانەوە، پشتیوانی لە خەباتی حیزبی دێموکرات و ویست و داخوازەکانی، پشتیوانی لە بەشێکی زۆر چالاک و کاریگەری خەبات بە دژی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی لە ئێران دایە. لەم قسانەی خوارەوەدا ئەو مەبەستانە بەراشکاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدی دەکرێن:

"ئەو دوو جینایەتە ناجوامێرانەیە (تیرۆری دوکتور قاسملووو تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی) بۆ خۆیان بۆ ناسینی سروشتی خەباتی گەلی کورد بەتایبەتی لە ئێراندا، بەسن. کێ هەیە نەزانێ کە قەتڵی سیاسی بەڵگەی کۆنەپەرستی و سەرەڕۆیی رێژیمێکە کە ئایین دەکاتە ئامرازی چەوسانەوەی میللەتی خۆی. بەخۆشی‌یەوە ئەمڕۆ ئێمە دەبینین کە چینی لاوو کۆمەڵی مەدەنیی ئێران کە تینووی ئازادی و پلۆرالیزم و مودێرنیتەن، ئازایانەترو شێلگیرانەتر هاتوونەتە مەیدان. لەو هەل‌ومەرجەدا بۆ ئێمە هیچ سەیر نیە کە دەبینین ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە هەروا بوێرانە نوێنگەی هیواو ئامانجی داهاتوویەکی سیاسی‌یە کە لەودا مافەکانی مرۆڤ، دێموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وەدی دێن... خەڵکی ئێران و گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان و بۆ گۆڕانکاریی راستەقینە و بەردەوام پێویستی‌یەکی زۆر گەورەیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بیرو باوەڕو بایەخەکانی ئەو حیزبە و تێکۆشانی بێ وچانی ئەو حیزبە هەیە."

ژاک فات، سکرتێری کۆمیسیۆنی پێوەندی یە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی کومونیستی فەرانسە (لە رێورەسمی ١٠ ساڵەی دوکتور شەرەفکەندی دا)

"لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا من بۆ خۆم ئەو باوەڕو متمانەیەی بەشێکی زۆری نەیارانو موخالیفانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە، بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان هەیە، بە چاوی خۆم دیتوومە. جا بۆیە بۆ ئێوەو حیزبەکەتان سەرەڕای ئەو زەبرە قورس و گرانەی کە وەحیزبەکەتان کەوت و زیانێکی زۆرتان بەم بۆنەیەوە وێ کەوت، ئاواتە خوازی ئازایەتی و بوێریی ئێوەم، لە درێژەدانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانتان کە بریتی‌یە لە سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە ئێرانداو وەدەستهێنانی خودموختاری بۆ کوردستان."

هانس یواهیم ئێریک (وەکیلی بنەماڵەی شەهیدانی کارەساتی میکونووس) لە رێورەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی، لە پارلمانی فەرانسەدا

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٠٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چاردە ساڵەی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی



سەعات ١١ی پاش نیوەڕۆی پێنج شەمە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ (٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی) لە دڵی ئورووپای لانکەی ئازادیو مافی مرۆڤدا، جارێکی دیکە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی کەوتنە بەر دەسڕێژی کۆمەڵێک ئینسانکوژی بەکرێگیراو و دەست پەروەردەی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران و گیانیان لێ ستێنرا.

بۆ جارێکی دیکە دنیا شاهیدی دووپاتبوونەوەی کارەساتێکی تاڵ بوو. دیسانەکە تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکرات، گەلی کورد بە گشتی و خەڵکی کوردستانی ئێران بە تایبەتی و هەموو دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی کوردستان لە ئاستی ئێران و جیهاندا لەگەڵ ماتەمی لەدەستدانی مرۆڤێکی گەورە کە لە ئاستی بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێراندا، نفووز و نەخش و شوێنی تایبەت بە خۆی هەبوو، بەرەوڕوو بوون.

بە شەهید کرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکرات و هاوڕێیانی بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێستورانی میکونووسی شاری بێرلین، جارێکی دیکە زەبرێکی بە ژان وەپەیکەری حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی میللی ـ دێمۆکراتیکی کوردستان کەوت. لە حاڵێکدا، تازە سێ ساڵ لە پیلانی تیرۆری ڕێبەری پایەبەرزی حیزب

و گەلەکەمان لە شاری وییەن و لەسەر مێزی وتووێژ بەهۆی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ڕابردبوو، حیزبی دێمۆکرات ئەو زەبرو کارەساتەی لێ نوێ کرایەوەو سەرلەنوێ لە گەڵ تاقیکردنەوەیەکی دژوار بەرەوڕوو بۆوە.

لە ٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵدا، ١٤ ساڵی تەواو لەو ڕووداوە تاڵە ڕادەبرێ. بیرەوەریی تیرۆری ١٧ی سێپتامبری رێستورانی میکونووس، هەڵدەگرێ کە لەلایەن حیزبی دێمۆکرات و هەموو دۆستان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە کوردستان، ئێرانو جیهانەوە، گرنگیو بایەخی تایبەتی پێ بدرێ. هەروا کە هۆیەکان و مەبەست و ئامانجەکانی پێویستیی هەرچی بەشکۆتر بەڕێوەبردنی یادی شەهیدانی بێرلین زۆرو جۆراوجۆرن، شکڵ و شێوەکانی بەڕێوەبردنی یادی ئەو ڕووداوەش دەتوانن جۆراوجۆر بن. وەک نموونە هێندێک لە مەبەستەکانی هەرچی باشتر بەڕێوە بردنی بیرەوەریی ئەو ڕووداوە،

دەتوانین بەم جۆرە دەست نیشان بکەین:

١- ڕێزنان لە خەبات و تێکۆشان و کەسایەتی و بیروبۆچوونەکانی دوکتور شەرەفکەندیو هەڵسەنگاندنی جێگاو شوێنی ئەو ڕێبەرە لە حیزبی دێمۆکرات و خەباتی گەلەکەیدا.

دوکتور شەرەفکەندی لەو ڕۆژەوە کە هەموو کات و توانای خۆی نایە خزمەتی حیزبی دێمۆکرات و خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللەتەکەی، زۆر ئەرکی گرینگ و بەرپرسایەتیی قورسی لە ئاستی حیزب و جووڵانەوەدا، لەسەر شان بوو. ئەو نەمرە بە تایبەتی لە قۆناغێکی سەخت لە ژیانی حیزبەکەیدا، ئەوکاتە کە دۆست و دوژمن چاویان بڕیبووە حیزبی دێمۆکرات و دەیانەویست بزانن چارەنووسی حیزبی دێمۆکرات و جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا، چی لێ دێتەوە، بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی حیزبی دێمۆکراتی کەوتە سەرشان. دوکتور شەرەفکەندی لە ئاکامی زانایی، تایبەتمەندییە بەرزەکان و لێوەشاوەیی خۆیداو پشت ئەستوور بە ورەی شۆڕشگێڕانە، هەست بە بەرپرسایەتی کردن و هاوکاری و هاودڵیی ڕێبەریو بەدەنەی حیزب و دڵگەرم بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان و دۆستانی حیزبی دێمۆکرات، لە ماوەیەکی کەمدا توانی نیگەرانیی دۆستان و دڵسۆزان بڕەوێنێتەوەو خەیاڵی خاوی دوژمنان پووچەڵ بکاتەوە. هەربۆیە لەنێو بردنی بوو بە یەکێک لە ئامانجە بە پەلەو گرنگەکانی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی و لەسەرووترین ئاستدا نەخشەیان بۆ کوشتنی داڕشت.

دیارە هەرکامە لەو هاوڕێیانەش کە لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندیدا گیانیان لێ ئەستێنرا، ڕابردوویەکی چەندین ساڵەیان لە خەبات لە پێناوی ئازادیدا هەبوو و ئەرک و بەرپرسایەتیی گرینگیان لە کوردستان و دەرەوەی وڵات لەسەرشان بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێزنان لە باوەڕی پتەویان بە ئازادی و دیمۆکراسی و ڕزگاریی گەلی کورد لە بندەستی و، وەبیرهێنانەوەی زەحمەت و شەونخوونی و فیداکاریی بێدەریغیان لەو پێوەندییەدا ئەرکی هەموو لایەکمانە.

٢- وەبیرهێنانەوەی هاودەردی و هاوپێوەندیی بێ وێنەی گەلی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانو ڕێکخراو و کەسایەتییە ئازادیخوازو مرۆڤدۆستە ئێرانی و ڕۆژئاواییەکان بە بۆنەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانییەوە لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات.

ئەو هاوخەمییە ڕاشکاوانەیەی خەڵکی ماتەمباری کوردستانی ئێران لە ژێر بریقەی سەرنێزەی پاسدارانی کۆنەپەرستی و بێ گوێدان بە هەڕەشەی کاربەدەستان، بەرامبەر بە حیزبی دێمۆکرات نواندیان؛ ئەو هاوپێوەندییە میللی و کوردانەیەی بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠ ڕۆژ خەڵکی یەکە یەکەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی عێراق لە زاخۆو دهۆکەوە بگرە تا کەلارو کفری بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات و خەڵکی کوردستانی ئێران، دەریان بڕی؛ هەروەها دەیان و سەدان شێوەی دیکە لەدەربڕینی هاودەردی و هاوخەمیی هاونیشتمانانی ئێرانی و دۆستانی ئورووپایی و ڕۆژئاوایی، شتێک نین کە هیچ کات لەبیر حیزبی دێمۆکرات بچنەوە. دە ساڵەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی بۆنەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی ئاوڕ لەو هاوپێوەندیو هاودەردییە بەرینە بدرێتەوە، ڕێزی لێ بنرێ و بۆ پەرەپێدانی گیانی تەبایی و برایەتی و هاوکاری لەهەموو کوردستانداو هەروەها ڕاکێشانی هەرچی پتری سەرنج و پشتیوانیی ڕێکخراو و کەسایەتییە ئازادیخوازو مرۆڤدۆستەکانی ئێران و جیهان وەبیر خۆمانیان بێنینەوە.

٣- بەردەوامیی حیزبی دێمۆکراتو تێکۆشەرانی لەسەر ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدیانو مانەوەی قورسو قایمیان لە مەیدانی خەبات بەدژی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی دا، سەرەڕای ئەو زەبرە بە ژانانەی بەهۆی ڕووداوە تیرۆریستییەکانی ڤییەنو بێرلینو دواتر، لەو حیزبە دران.

حیزبی دێمۆکرات ١٤ ساڵ دوای تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و ١٧ ساڵ دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو، نە هەنگاوێک لە ویستو داخوازەکانی خۆی کشاوەتەوەو نە تۆزقاڵێک لە وەرەو عەزم و ئیرادەی خەباتگێڕانەی کەم بۆتەوەو لەسەر خەباتو خۆڕاگریو بەربەرەکانی بەرامبەر بە ڕێژیمی تیرۆریست و ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامی، لە هەمووکات شێلگیرترە. ئەوە کە حیزبی دێمۆکرات چۆن توانیویەتی بە نەبوونی ئەو ڕێبەرە بە نرخانەشیەوە، ڕێگای خۆی بە سەربەرزییەوە درێژە بداو لە بەرامبەر سەدان و هەزاران پیلانی دیکەشدا خۆی ڕابگرێ و بەسەر زۆر کەندو کۆسپی ئاستەمدا، سەربکەوێ، ئەگەر بە وردی بکەونە بەر باس و شی بکرێنەوە، هەم بۆ نەسڵی تازەی حیزبی دێمۆکرات و خەڵکی کوردستان، هەم بۆ ڕێکخراوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسییەکانی دیکەش زۆر خاڵی سەرنج ڕاکێشیان تێدان کە بۆ ئەزموون لێ وەرگرتن دەبن. دیارە ئەو لایەنەی مەسەلەکەش کە تیرۆرو ئینسانکوژیو سەرکوت ناتوانن گەلێکی وشیارو حیزبێکی شۆڕشگێڕ لە خەبات و تێکۆشان سارد بکەنەوە، بۆ ڕێژیمێکی تیرۆریستی وەک کۆماری ئیسلامییش کە ڕێگایەکی دیکە بۆ بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵک ناناسێ، جێگای دەرس لێ وەرگرتنە، هەڵبەت ئەگەر شتێک بە ناوی مێشک لە کەللەی ڕێبەرانی دابێ.

٤- هێنانەوە بەرباسی پەروەندەی تیرۆری میکونووس و بڕیارە ئازایانەو مێژووییەکەی دادگای بێرلین و ئاکام و شوێنەوارەکانی ئەو حوکمە.

بیرەوەریی ئەمساڵی تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکرات و هاوڕێیانی لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێ کە ساڵێک بەسەر ڕووداوە تیرۆریستییەکەی ١١ی سێپتامبر دا ڕادەبرێ. کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەنجامدانی دەیان و سەدان کردەوەی تیرۆریستی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات، کە هێندێکیان لەدژی دانیشتووان و قازانج و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوون، لە تیرۆری میکونووسدا بوو کە کلکی بە تەڵەوە بوو. دیارە پێشتریش وا ڕێ کەوتبوو کە تیرۆریستەکانی ئەو ڕێژیمە بکەونە داوی کاربەدەستانی ئەو وڵاتانەو بەڵگەو نیشانەی پێویست بۆ تاوانبار کردنی ئەو ڕێژیمە لە دەست ئەواندا هەبوون. بەڵام کرابوون بە دەسمایەی هێندێک ساتو سەودای شەرماویو لە ئاکامدا ئەو ڕێژیمە بەهاسانی لە چنگ ئاکامە سیاسی و قەزایی یەکانی کردەوە تیرۆریستی یەکانی خۆی، ڕزگاری ببوو. بەڵام دەزگای قەزایی ئەڵمان لە جەریانی لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی میکونووسدا، بە شێلگیری یەوە کاری خۆی هەتا ڕوونبوونەوەی زۆر لە ڕاستی یەکان و دانی حوکمی شیاوی ئافەرینی خۆی لەبارەی تاوانباران و ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک بەڕێوەبەری ئەسلیی جینایەتەکان، درێژەدا.

حوکمی مێژوویی دادگای بێرلین ئەگەر لە ئاستی نێونەتەوەیی دا پەردەی لەسەر ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لاداو ئەو ڕێژیمەی ڕیسوا کردو دنیای ناچار بە چاوخشاندنەوە بە پێوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا کرد، لەنێو خۆی ئێرانیشدا خەڵک بە گشتی و بەتایبەتی ڕووناکبیران و کەسایەتی یە سیاسی و فەرهەنگی یە خەباتگێڕو ئازادیخوازەکانی بە تێکۆشانی خۆیان دژی ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە دڵگەرمو هیوادار کرد. ئەوان لە دوای ئەم بڕیارە بە ڕاشکاوی و نەترسی یەکی زیاترەوە کەوتنە بەربەرەکانیی خامەنەیی، ڕەفسەنجانی، فەللاحیان و زۆر لە دەسەڵاتبەدەستانی دیکەی ڕێژیم کە دادگای بێرلین وەک جینایەتکار ناساندبوونی.

ئێستا ئەو جینایەتکارو تیرۆریستانە، سەرەڕای ئەوەی خەڵکی ئێران چەندین جار بە پانەوە، فەرمانڕەوایی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەسەڵاتدارەتیی ئەوانیان بەسەر خۆیاندا ڕەت کردۆتەوە، هەروا بڕیار بەدەستانی ئەسلیی کۆماری ئیسلامین و لە گەڵ ئەوەشدا وەک هەمیشە خۆیان و ڕێژیمەکەیان بە دژی تیرۆریزم و قوربانیی تیرۆریزم دەناسێنن، لە پشتیوانی و هاندانی بە ئاشکراو نهێنیی تاقمە تیرۆریستییەکان و شاردنەوەو پەنادانی سەرکردەکانی ئەو جۆرە تاقمانە غافڵ نین و لەگەڵ هەموو هەوڵێکی نێونەتەوەیی بۆ لەنێو بردنی تیرۆریزم بە بیانووی جۆراوجۆر دژایەتی دەکەن.

هەروەک گوترا شکڵ و شێوەکانی یادکردنەوەی ئەو ڕووداوە تیرۆریستی یەو ڕێزنان لە شەهیدانی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی ڕێستوورانی میکونووس دەکرێ بە گوێرەی هەلومەرجی ئەو کەسانەی یادی ڕووداوەکە دەکەنەوەو بە سەرنجدان بە جێگاو شوێنی ژیان و تێکۆشانی ئەوان، جۆراوجۆر بن. گرنگ ئەوەیە بە پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوە بۆ یادی ئەو ڕووداوە، بە نووسینو بڵاوکردنەوە، بە پێوەندی گرتن لەگەڵ ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدانی ١٧ی سێپتامبر، بە کاری تەبلیغی و بەهەر شێوەیەک لە دەستمان دێ، نیشان بدەین خوێنی دوکتور شەرەفکەندی، فەتتاح عەبدولی، هومایونی ئەردەڵان و نوری دێهکوردی بە فیڕۆ ناچێ و ڕێگایان تا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان درێژەی دەبێ.


دەبێ جارێکی دیکە بە کۆماری ئیسلامی ڕابگەیەنین ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێمۆکرات و گەلی کورد، بە ڕێنوێنی و دەرسە بەنرخەکانیان و بەو خزمەتانەی بە حیزبەکەیان و خەباتی گەلەکەی خۆیانیان کردوە، تۆوی کۆڵنەدان و پێداگری لەسەر ڕێبازی ئازادیخوازییان لە دڵی قوتابیان و ئەوگرانی بیروباوەڕو ڕێگاکەیاندا چاندوە. ئەو ڕێبەرە پایەبەرزو بەنرخانە ئەوکاتەش کە شەهید دەبن و لەنێوماندا نامێنن سەرچاوەی ئیلهامن و بۆ پێشەوە تا وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کوردو خەڵکی ئێران هانمان دەدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٠٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بڕیاری دادگای میکونووس پەڵەیەکی هەمیشەیی بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامییەوە




ڕۆژی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ (٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦)، دادگای بەرزی ئەیالەتی بێرلین پاش ٢٤٦ ڕۆژ لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی تیرۆری میکونووس (تیرۆری نەمران دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتتاح عەبدولی، همایوونی ئەردەڵان و نووری دێهکوردی، بڕیاری یەکجاریی خۆی لەبارەی بەڕێوەبەرانی ئەو تیرۆرە ڕاگەیاند. دادگای بێرلین وێڕای بڕینەوەی حوکم بۆ هەر یەک لەو تاوانبارانە کە نەخشەی تیرۆرەکەیان جێبەجێ کردبوو، بەڕێوەبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی (ڕێبەری ڕێژیم، سەرکۆمار، وەزیری دەرەوە و وەزیری ئیتلاعات و ئەمنییەت)ی بە بەڕێوەبەری ئەسڵیی تیرۆرەکە ناساند.

دادگای بێرلین لە حوکمی ئازایانە و دادپەروەرانەی خۆی و هەروەها لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکانی دا، هەر خۆی بە دۆزینەوەی ڕاستییەکان لە بارەی کارەساتی١٧ی سێپتامبری ریستۆرانی میکونووسەوە نەبەستەوە. بەڵکوو چۆنیەتیی کارکردنی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی لە تەواوەتیی خۆی دا لە قاو داو، هەموو دنیای لەو ڕاستییە تێگەیاند کە نەک هەر تیرۆری ریستۆرانی میکونووس، بەڵکوو دەیان تیرۆری دیکەی موخالیفانی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری جیهان، هەر بە هۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام دراون و، لە سەرووترین ئاستی حکوومەتی و دەوڵەتیدا پلان و نەخشەیان بۆ دارێژراوە. لە ڕاستی دا ڕەوتی کارو، لێکۆڵینەوەکان و ئاکامی کارە بە نرخ و پیرۆزەکەی ئەو دادگایە، ناساندنی نێوەرۆک و چۆنیەتیی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یەوە، بوو. دەکرێ بڵێین

بڕیاری دادگای بێرلین خاڵێکی وەرچەرخان و یەکێک لە گرنگترینی ئەو ڕووداوانە بوو کە لە ناساندن و لە قاودانی ماهییەتی تیرۆریستی و ئینسان کوژانەی کۆماری ئیسلامی دا ڕۆڵی بنەڕەتییان هەبوو.

**دەکرێ گرنگیی ئەم بڕیارە ئازایانە و دادپەروەرانەیەی دادگای بێرلین بەم جۆرە ڕیزبەندی بکەین:**

١- لەگەڵ ئەوەی تیرۆری میکونووس نە یەکەمین و نە دوایەمین تیرۆر بوو کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە بەڕێوە دەچوون، بەڵام یەکەم جار بوو دادگایەکی بەرزی وڵاتێکی گرنگی ئورووپایی کە خاوەنی سیستمێکی قەزایی سەربەخۆ و موعتەبەرە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی وەک تیرۆریست دەناساند و ڕێبەرانی پلە یەکی ئەو ڕێژیمەشی بە بەرنامەدارێژو هەڵسووڕێنەری سەرەکیی ماشێنی تیرۆر لەو سیستمەدا ناو دەبرد.

٢- کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی، هەر لە دانی قەول و بەڵێنی هاوکاری و کارهاسانی لە بوارەکانی ئابووری و بازرگانی بە ئەڵماندا بگرە، تا دەگاتە فشارو هەڕەشەی جۆراوجۆری سیاسی و ئەمنییەتی و دیپلوماتیک و بازرگانی بۆسەر دەوڵەت و کاربەدەستانی ئەو وڵاتە، نەیتوانی پێشی ڕەوتی کاری دادگا بگرێ و خۆ لە پێکهاتنی ریسوایی‌یەک لە ئاستی جیهان‌دا، ڕزگار بکا.

٣- بە هۆی حوکمی مێژوویی بڕیاری داگای بێرلینەوە و، ئەو هەموو بەڵگە و زانیارییە بڕوا پێکراوانەی لەو پێوەندی یەدا وەدەست پۆلیس و دەزگای قەزایی ئەڵمان کەوتن، دەرکەوت لەپشت زۆربەی نزیک بە تەواوی کردەوە تیرۆریستی یەکان کە لە دژی نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە هەر شارو پێتەختێکی دنیادا بەڕێوەچوون، دەستی ئەو ڕێژیمە هەیە. بەڵام ئەگەر لە بارەی تیرۆرەکانی دیکەوە بۆ وێنە تیرۆری دوکتور قاسملوو (ڤییەن)، دوکتور شاپوری بەختیار (پاریس)، دوکتور کازمی رەجەوی (ژنێڤ)، محەممەد حوسێن نەقدی (ڕۆم) و... حوکمی لەم چەشنی بڕیاری دادگای بێرلین، دەرنەچوون، تەنیا لەبەر بەرژەوەندخوازیی دەوڵەتانی ئوتریش، فەرانسە، سویس و ئیتالیا بووە. واتە ئەو دەوڵەتانە لەبەر بەرژەوەند و قازانجە جۆراوجۆرەکانیان کە زۆرتریان ئابووری و بازرگانی بوون، ئامادە بوون راستی‌یەکان و خوێنی قوربانی‌یەکان و دادپەروەری بخەنە ژێرپێ و، بەم جۆرە ئەو ڕێژیمە جینایەتکارو تیرۆریستەیان لە دەست عەداڵەت، ڕزگار کردوە.

٤- حوکمی دادگای بێرلین بۆ جیهانی دەرخست سیستمی تیرۆرو ئینسانکوژی لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران‌دا ماهییەتێکی دژ بە ئازادیخوازی و دێمۆکراسیی هەیە. واتە لەو ڕێژیمەدا لە تیرۆر بۆ کوشتنی کەسانێک کەلک وەردەگیرێ کە رەخنە و ناڕەزایەتییان لە سیستمی سیاسیی حاکم بەسەر وڵاتدا هەیە و داوای ماف و ئازادی یە ئینسانی‌یەکان دەکەن. تیرۆرو

ئینسان کوشتن لەو ڕێژیمەدا کە بە ڕواڵەت زۆر لە پەیماننامە و کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەیییەکانی قەبووڵ و ئیمزا کردوون، نەک هەر بە شتێکی دزێو و ناپەسەند دانانرێ، بەڵکوو وەک شتێکی پیرۆز سەیری دەکرێ و تەوجیهی شەرعی و ئایینی بۆ دەبینرێتەوە.

٥- بە هۆی لێکۆڵینەوەی بەربڵاو لە ڕەوتی کاری دادگاداو شاهیدی دانی زۆر لەو کەسانەی ئاگایان لە چۆنیەتیی هەڵسووڕانی ماشێنی تیرۆری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەبوو، هەروەها بە یارمەتیی دان پێدانانی ژمارەیەک لە تاوانبارانو زانیارییەکانی دەزگا ئەمنییەتی یەکانی ئەڵمان و هێندێک وڵاتی دیکە،دەرکەوت کە تیرۆریزم یەکێک لە پایە ئەسڵییەکانی سیاسەت و دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی پێک دێنێ. لە ڕاستی دا ڕوون بۆوە کە هەموو دەزگاو نیهاد و بنکە و دامەزراوێکی ئەو ڕێژیمە - باناوی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری، دیپلۆماتیک، فەرهەنگی، ئایینی و تەنانەت خێرخوازانەشیان لەسەر بێ ـ یا بەشێکن لە دەزگای تیرۆر و جاسووسی و ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی یا بە پێی ئەرکێک کە لە سەرووترین ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە بۆیان دیاری کراوە، لە خزمەت ئامانج و بەرنامە و نەخشە تیروریستییەکانی کۆماری ئیسلامی دان.

٦- حوکمی مێژوویی دادگای بێرلین، هەم لە ئاستی نێونەتەوەیی دا، هەم لە ئاستی نێوخۆیی دا، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تووشی تەنگەژە و قەیران کرد. لە ئاستی نێونەتەوەیی دا، ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ڕیسواییەکی بێوێنە بەرەوروو بوو. جگە لەوەی ڕاگەیەنە گشتییەکانی جیهان بەگشتی و ڕۆژئاوا بەتایبەتی بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بە بۆنەی ئەو حوکمەوە، تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامییان لەقاودا، زۆربەی دەوڵەتانی ئورووپاییش لە ژێر فشاری بیروڕای گشتیی خەڵکی وڵاتەکانیاندا ناچار بوون سەفیرەکانی خۆیان لە ئێران بانگ بکەنەوە. ئەم حوکمە وای کرد لە درێژخایەنیشدا، نوێنەرایەتییەکان و هەموو جموجۆڵ و هەوڵ و تێکۆشانێکی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جیهاندا و، هەر جۆرە پێوەندییەکی وڵاتان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە بەچاوی گومانەوە سەیری بکرێ و نیشانەی پرسیاری بخرێتە سەر.

بەڵام لە بواری نێوخۆیی دا، حوکمی دادگای بێرلین شوێنەوارێکی زۆر قووڵتری لەسەر وورەی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازان و خەباتگێڕانی ئێران لە دژی ئەو ڕێژیمە دانا. دیارە ئەوان لە مێژبوو نێوەڕۆکی ئەو ڕێژیمەیان بۆ دەرکەوتبوو و لە مێژساڵیش بوو داوایان دەکرد کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، ناوەندە سیاسی و حوقووقی و قەزایییەکانی جیهان لەو تاوان و جینایەتانە کە ئەو ڕێژیمە دەیانکا، بێدەنگ نەبن. بەڵام ئەوەی تا ئەو کات دیبوویان بەداخەوە ساتوسەودا لەگەڵ ئەو ڕێژیمە تیرۆریستە و داپۆشینی شوێن پێ و جێپەنجەی ئەو ڕێژیمە لە تیرۆرەکاندا، یا لانی کەم نەگرتنی هەڵوێستی ئازایانە و دادپەروەرانە بوو. بە هۆی دەرچوونی بڕیاری ئازایانەی دادگای بیرلینەوە بۆ یەکەمجار

چاوەڕوانیی ئوپوزیسیۆن و خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران هاتەدی. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، بڕیاری دادگای بێرلین سەرەەتایەک بوو بۆ هاتنە کایەی پێوەندی و ڕەفتار و هەڵوێستی نوێی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بەرامبەر بە ئێران. دڵگەرم بەو ڕیسواییەی بۆ ڕێژیمی ئێران لە ئاستی جیهانی دا پێک هاتبوو، خەڵکی ئێران بە تین و گوڕ و گەشبینی و ئازایەتییەکی زیاترەوە خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تیرۆریست و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامییان بەرەوپێش برد. لە دوای دەرچوونی حوکمی دادگای بێرلینەوە بوو کە خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦دا "نا"یەکی ڕاشکاوانەیان بەو دەسەڵاتە گوت. دواتریش ڕووناکبیران و کەسایەتییە سیاسی، فەرهەنگی و ڕۆژنامە نووسە ئازاکان، دەستیان کرد بە لەقاودانی جینایەت و ئینسانکوژیی یەکانی دەزگای تیرۆر و جاسووسیی کۆماری ئیسلامی کە دادگای بێرلین پێشتر بەشێکی ئاشکرا کردبوو.

ئەگەر سەرنج بدەینە چارەنووسی ئەو بەشە لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕەوتی کاری دادگای بێرلین و پەروەندەی تیرۆری میکونووس دا، پەردە لەسەر ماهییەتی جینایەتکارانەیان لادرا، دروستیی ئەو حوکمە و زانیاری یەکانی پێوەندیدار بەو حوکمەمان بۆ دەردەکەوێ. هەموو ئەوانەی لە سۆنگەی پەروەندەی میکونووسەوە، ناویان هات و لەقاو دران، لەهەر دەرفەتێکدا کە بۆ خەڵک هاتە پێش، خەڵک دەستی ڕەدی بە سینگەوە نان، یان وەک ماکەی سەرەکیی تیرۆر و جینایەت و سەرکوت، ناویان کەوتە سەر زاری خەڵک و داوای موحاکەمەیان کرا. ئەو ڕیسواییەی لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەمدا بەسەر ڕەفسەنجانی هات، ئەو دروشمانەی لە خۆپیشاندانە خوێندکاری یەکاندا لە دژی خامەنەیی بەرز بوونەوە، ئیفشاگەرییە ئازایانەکان لە دژی فەللاحیان و هاودەستەکانی و خۆونکردن و لەبەرچاو لاچوونی ـ هەرچەند ڕواڵەتیی ـ زۆر لەو کەسانەی لە ناوەندو دەزگاو دامەزراوەکانی پێکهێنەری ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامیدا مۆرەی سەرەکین، بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستییە کە حوکمی مێژوویی دادگای بیرلین، لەسەر بناغەی ڕاستی و حەقیقەت و دادپەروەری و شناختی ورد لە سیستەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی درا.

٩ ساڵ بەسەر دەرچوونی حوکمی دادگای بیرلیندا رابردوە، بەڵام ئەم حوکمە هەر وەک یەکێک لە وەکیلەکانی بنەماڵەی قوربانییەکانی تیرۆری میکونووس گوتوویەتی، پێوەندیی بە ڕابردووەوە نیە، بەڵکوو بەشێک لە سەردەمیی ئێستایە. ئەم حوکمە بەزۆر هۆ، بۆ ئێستاش زیندوو و موعتەبەرە. چونکە بیرەوەریی تیرۆری سەدان و هەزاران مرۆڤی ئازادیخواز بە هۆی کۆماری ئیسلامییەوە، لە ویژدانی بەخەبەری ئینسانەکان لە ئێران و دەرەوەی ئێراندا بە زیندوویی ماوەتەوە. حوکمی مێژوویی دادگای بیرلین، بەشێکە لە واقعییەتی ئەمڕۆ و سەردەمی ئێستا، چونکە ئەوانەی دادگای بیرلین وەک دەسەڵاتدارانی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی، ناساندنی، هەروا جڵەوی دەسەڵاتیان لە ئێراندا بەدەستەوەیە و، لەسەر کوشتنی موخالیفان و نەیارانیان، بەردەوامن. حوکمی مێژوویی دادگای بێرلین بەشێکە لە واقعییەتی ئەمڕۆ، چونکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسینی: قادر وریا

دەوڵەتانی ئوروپایی تا ئێستاش بەگرتنەپێشی سیاسەت و هەڵوێستی سازشکارانە بەرامبەر بەو رژێمە، هەروا پێشی تڕۆکرانی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی داو فرێدرانی بۆ نێو زبڵدانی مێژوو لەلایەن خەڵکی وڵاتەکەمانەوە، دەگرن. حوکمی مێژوویی دادگای بێرلین لە روانگەی خەڵکی ئێرانو هەموو ئۆگرانی عەدالەت و دادپەروەری و حەقیقەتەوە هەروا زیندوو و موعتەبەرەو، دەبێ بکرێتە بناغەیەک بۆ لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لەبارەی پەروەندەی تیرۆری دەیان کەسایەتیی ئازادیخوازی ئێرانی لە پێتەخت و شارەکانی رۆژئاوادا. دەبێ بکرێتە بناغە بۆ دادگایی کردنی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە لە نێوبردنی هەزاران مرۆڤ کە لە بەندیخانەکاندا لەنێویان بردن، بە رۆژی روون رفاندیانن و بێ سەروشوێنیان کردن. ئەم حوکمە دەبآێ وەک دادخوازی (کیفرخواست)ێکی موعتەبەر لە رادەی جیهانی دا، بۆ دادگایی کردنی خامەنەیی، رەفسەنجانی، فەلاحیان، ویلایەتی و دەیان و سەدان دەسەڵاتبەدەستی دوێنێ و ئەمڕۆی ئەو رژێمە بەکار بهێنرێ کە هەر ئێستاش لە پەنا تیرۆر و تۆقاندن و دەمکوت کردندا، بەسەر خەڵک و وڵاتی ئێراندا فەرمانڕەوایی دەکەن.


لە ١٤ ساڵەی شەهید بوونی د.شەرەفکەندی و هاورێیانی و لە ٩ ساڵەی دەرچوونی حوکمی مێژوویی دادگای بیرلیندا' بەرێزەوە یادی شەهیدانی کارەساتی میکونووس و هەموو قوربانی‌یەکانی دەستی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دەکەمەوە. لەگەڵ ناردنی هەزاران سڵاو بۆ ئەوانیش‌دا، سڵاو بۆ هەموو ئەو مرۆڤە ئەرکناس، هەقیقەتخوازو ئازاو دادپەروەرانە دەنێرم کە بێ سڵەمینەوە لە هیچ هەڕەشەو ترس و فشارێک، یارمەتییان بە روونبوونەوەی حەقیقەت و بەرێوەچوونی عەدالەت کردو بوون بە هۆی دەرچوونی بڕیاری مێژوویی و ئازایانەی دادگای بیرلین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٠٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوكتور شەرەفكەندیی رێبەر، وەک نووسەرێک



### پێشەکی:

کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی وەکوو سیاسییەک و رۆڵی ئەو کەسایەتییە لە بەرێوەبەری و رێبەریکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، لە لایەن تێکۆشەرانی ئەم حیزبە و دۆستانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد، زۆر جار کەوتۆتە بەر باس. لە ١٩ ساڵەی شەهیدکرانی ئەو رێبەرە دا، وێڕای رێزدانان بۆ گیانی پاکی ئەو و قوربانیانی دیکەی رووداوی تیرۆریستیی ١٧ی سیپتامبری میکونووس (شەهیدان فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەلان و نووری دێهکوردی)، پێم خۆشە بوارێکی دیکە لە خزمەتەکانی دوکتور شەرەفکەندی بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بیری سیاسی لە کوردستان و ئێران بخەمە بەر سەرنج. بواری نووسین یەکێکە لەو بوارانە کە دوکتور شەرەفکەندی لە ماوەی تێکۆشانی لە حیزبی دێموکرات دا، توانای خۆی تێدا بە کار هێنان و لەم رێگایەوە تەئسیری زۆری دانا.

## دوکتور شەرەفکەندی، پێشینە وسەرەتاکانی کاری نووسین

هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە کە نیشان بدا دوکتور سادق شەرەفکەندی پێش ئەوەی بێتە نێو کاری حیزبی و سیاسی، کاری نووسینی کردبێ. نە بە زمانی کوردی و نە بە زمانی فارسی، لە هیچ بوارێکی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و هتد دا، بەر لە شۆڕشی ئێران نووسینێک بەدی ناکەین کە بە قەڵەمی د. شەرەفکەندی بڵاو بووبێتەوە. دیارە د. شەرەفکەندی چەند ساڵێک بەر لە شۆڕشی ئێران هاتبووە نێو ریزەکانی حیزب و کاری سیاسیی دەست پێ کردبوو، بەڵام لە راستیدا دوای سەرکەوتنی شۆڕش، دەست بۆ قەڵەم دەبا، ئەویش دوای کۆنگرەی چوارەم و پاش ئەوەی ناچار بوو تاران بە جێ بێڵێ و روو بکاتە چیاکانی کوردستان و لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب گیرسایەوە. لەوانەیە ئەو کاتەی لە تاران لە چوارچێوەی «جمعیت کردهای مقیم تاران» دا کاری کردوە، راگەیەندراو و بەیاننامە و پەیامی ئەو کۆمەڵەیەی نووسیبێ، من لێی ئاگادار نیم. بەڵام یەکەم هەوڵی لە بواری نووسین دا، ئامادە کردنی «تاریخچه جنبشهای ملی کرد» (کورتە مێژووی جووڵانەوەکانی کورد، لە سەدەی نۆزدەیەمەوە تا کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی) بوو. ئەم کارەی د. شەرەفکەندی دەچێتە خانەی تەئلیف (دانان)ەوە. کورتە مێژووی جووڵانەوەکانی گەلی کورد لە ساڵانی ١٣٥٩ تا ١٣٦١ وەکوو زنجیرەوتار لە رۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزب دا، بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو دەبوونەوە. مەبەستی دوکتور شەرەفکەندی لەم کارە بەرەوژوور بردنی ئاگایی مێژوویی کادرەکان، پێشمەرگەکان، ئەندامانی حیزبی دیموکرات و ئەو نەسلە بوو کە رووی کردبووە بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی کوردستان. ئامادە کردنی ئەو کتێبە لە بنکەی د. س لە چیاکانی کوردستان و لە شوێنێک بووە کە سەرچاوەی زۆر کەمی لێ بووە.

### لە راستی دا ئەم زنجیرە وتارە مێژوویی بە کەڵک وەرگرتن لەم کتێبانە نووسراوە:

١- «کوردستان و کوردەکان» بە سەرپەرستیی ژێرار شالیان، نووسەرانی کتێبەکە بریتین لە: دوکتور قاسملوو، کەندال نزان، عیسمەت شەریف و م. نازدار (چاپی ١٩٧٨، پاریس)

٢- کتێبی «بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد» لە نووسینی کریس کوچێرا (چاپی پاریس، ١٩٧٩)

٣- کتێبی «شەر لە سەر کوردستان» لە نووسینی مێژوونووسی رووس خەلفین

٤- کتێبی «کردها» لە نووسین «حەسەن ئەرفەع»

ئەم زنجیرە وتارە کە دواتر وەکوو کتێبێک هەر لە لایەن کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبەوە بە زمانی فارسی بڵاو کرایەوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەچێتە خانەی «تەئلیف» (دانان). چونكە شوێنی وا هەیە بۆ وێنە بەشی یەكەمی كتێبەكە (كە نزیك بە ٥٠ لاپەڕەیە) كورتكردنەوە و وەرگێڕانە. بەڵام ئەوە لەگرینگیی كارەكە وەك پرۆژەیەكی نووسینی مێژوویی كەم ناكاتەوە.چونكە:

١- مێژوویەكی چڕی ١٥٠ ساڵەی بزووتنەوەكانی كورد دەگرێتە خۆی. ئەمە كارهاسانییەكی زۆر بوو بۆ كەسانێك كە تینووی زانینی مێژووی ئەو ١٥٠ ساڵە بوون، بەڵام لە هەلومەرجی ئەو كات دا دەستیان بەو هەمووە سەرچاوانە ڕا نەدەگەیشت.

٢- لەگەڵ ئەوەی هەر ئەلقەیەكی نووسینەكە، بە پێی جێگا و پێویستیی ژمارەیەكی ڕۆژنامە ئامادە دەكرا و ئەمە كۆمەڵێك «محدودیت»ی بۆ د.شەرەفكەندی دروست دەكرد(بۆ وێنە جاری وا هەبووە ناچار بووە كە كورتی ببڕێتەوە، یا درێژی بكاتەوە بۆ ئەوەی پڕ بەو جێگایە بێ كە بۆی تەرخان كردوە) بەو حاڵەش پێوەندیی ڕووداوەكان و ڕیزكردنی بەشەكان و سەردێڕەكان، بە جۆرێك هاتوون كە خوێنەر كورتەیەكی ڕێكوپێك و هەر لەو كاتەدا دەوڵەمەندی لە مێژووی بزووتنەوەكانی نەتەوەكەی دێتە مێشك.

٣- ئەم مێژووە لە ڕوانگەیەكی ڕەخنەگرانە و لە دیدی كوردێكی خولیای ڕزگاری، ئاوڕی لێ دراوەتەوە. هەڵەكانی ڕێبەران و سەركردەی ڕاپەڕینەكان، لاوازییەكانیان و زۆر خاڵی ورد باس دەكا، جا ئەم هەڵانە چ پێوەندییان بە نیوخۆی ڕاپەڕینەكان و نێوخۆی نەتەوەی كوردەوە هەبێ، چ پێوەندییان بە نەتەوە وپەیرەوانی ئایینەكانی دەوروبەرەوە بووبێ.

دیارە كتێبی «تاریخچە جنبشهای ملی کرد» لە نووسینی د. شەرەفكەندی (سەعید بەدەل) دواتر لە لایەن هاوڕێی نەمر كاك تەها عەتیقی كرا بە كوردی و لە دەرەوەی وڵات چاپ و بڵاو كرایەوە.

## هەوڵەكانی دیكەی د. شەرەفكەندی لە بواری نووسیندا:

د. شەرەفكەندی هەر كە سەنگەری خەبات و تێكۆشانی لە زانكۆی تاران و كۆمەڵەی كوردەكانی دانیشتووی تارانەوە بۆ «شیوەجۆ» (بنكەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ناوچەی ڕەبەت) گواستەوە و پێویستیی حیزب و جووڵانەوە، ناچار بە ئامادە كردنی «كورتە مێژووی جووڵانەوەكانی كورد»ی كرد، بە كردەوە كەوتە نێو بواری نووسین. ئەو كە لە كۆنگرەی چوارەم دا بە ئەندامی كومیتەی ناوەندی و لە دوای جیابوونەوەی تاقمی ٧ كەسی بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا، دەبوایە بەشدارییەكی چالاكانەی لە بەڕێوەبردنی كاری سیاسی و فكریی حیزب دا هەبێ. ڕادیۆی دەنگی كوردستان و ڕۆژنامەی «كوردستان» دوو تریبوونی حیزب و جووڵانەوەی شۆڕشگێرانەی كوردستان بوون، بە تایبەتی ڕادیۆ لەو سەردەمدا



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەئسیر، گرینگی و خۆشەویستییەکی لە گوتن نەهاتووی هەبوو. کەسێکی وەک د. شەرەفکەندی هەم بە هۆی مەسئولییەت و مەوقیعییەتی حیزبی، هەم بە هۆی توانا و ئیمکانی فیکری و زانستی چاوەڕوانیی ئەوەی لێ دەکرا کە لەم دوو دەزگایە و لە بواری نووسین دا، قۆڵی لێ هەڵ بماڵێ. لە ساڵی ١٣٥٩دا تا ساڵی ١٣٧١ (١٩٨٠ تا ١٩٩٢) لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەدا بەشی زۆری بەرپرسایەتیی د. شەرەفکەندی لە ڕاگەیاندنی حیزب بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستان جاری وابوو دوو کۆمیسیۆنی بۆ کاروباری ڕاگەیاندن هەبوو (کۆمیسیونی رادیۆ و کۆمیسیونی چاپەمەنی)، جاری واش بوو هەر دوو کۆمیسیۆن تێکەڵی یەک دەکران و بە ناوی کۆمیسیۆنی رادیۆ و چاپەمەنی (رادیو و انتشارات) کاریان دەکرد. دوکتور شەرەفکەندی لە زۆربەی ئەم 12 ساڵەدا یا بەرپرسی یەکیک لەم دوو کۆمیسیۆنە بوو، یا ئەگەر لە کۆمیسیۆنێکی دیکەش کاری کردبا (بۆ وێنە سەردەمێک بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب بوو)، کاری نووسینی هەر دەکرد .جا بەشداری لە نووسینی بەیاننامە و ڕاگەیەندراوەکانی حیزب دا بوایە، یا نووسینی وتار بۆ ڕادیۆ و ڕۆژنامە.

## وتار، فۆرمی هەرە باو لە نووسینەکانی د. شەرەفکەندی دا

وتار، فۆرمێکە لە نووسین لە نێو فۆرمەکانی دیکەدا، کە نووسەران زیاتر ڕووی تێ دەکەن. هۆیەکەشی ئەمەیە کە زەرفێکە بۆ بابەتی مام ناوەندی و کورت. وتار لە باری نێوەرۆکەوە لە سەر یەک بابەت (موضوع) دەڕوا و دوور و درێژ نییە. بۆ ئەو ڕاگەیەنانەش کە ئەو کات ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی و شۆڕشگێری لە حاڵی خەباتی چەکداری دا هەمانبوو، زیاتر، وتار (مقالە) دەگونجا. زۆربەی هەرە زۆری نووسینەکانی دوکتور شەرەفکەندی لەم ماوەیەدا لە باری فۆرمەوە وتار بوون کە ژمارەیان بە پێی حیسابێکی سەر پێیی دەبێ لە دەوروبەری ٥٠٠ بووبێ. چونکە ڕادیۆ، هەموو ڕۆژان (ڕۆژانی هەینی نەبێ) وتار و لێکدانەوەی سیاسیی بڵاو دەکردەوە، دوکتور شەرەفکەندیش کەم حەوتوو هەبوو یەک یا چەند وتار بۆ ڕادیۆ نەنووسێ.

## نێوەرۆکی وتارەکانی د. شەرەفکەندی

دەتوانم بڵێم نێوەرۆکی وتارەکانی د. شەرەفکەندی سیاسی و گشتی بوون. لەقاودانی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ کوردستان و خەڵکی ئێراندا، ناساندنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دیموکرات، تیشک خستنە سەر نێوەرۆکی بزووتنەوەی کوردستان و هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکرات و بەرپرچدانەوەی هێرشی تەبلیغاتی بۆ سەر حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد، کاکڵەی سەرەکیی وتار و نووسینەکانی دوکتور شەرەفکەندییان پێک دێنا. دیارە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی دیموکرات دا، دوکتور شەرەفکەندی وەک نووسەرێک لای لە زۆر پرسی گرینگی دیکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکردەوە، بۆ وێنە گرینگیی هونەر و ئەدەبیاتی دەروەست، بێبەشیی ژنان لە کوردستان و ئێران و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نابەرابەری، بایەخدان بەمافی مرۆڤ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئاشتیی جیهانی، جۆرەکانی ستەم و چەوسانەوە لە کۆمەڵدا، بایەخدان بە لاوان و هتد.

دیارە لە بەشێکی دیکەی ئەم باسەدا، لەسەر روانگە و بۆچوونەکانی د. شەرەفکەندی لەبارەی کۆمەڵێک پرسی گرینگ، بە کەڵکوەرگرتن لە نووسینەکانی هەڵوێستەیەک دەکەم.

لێرەدا بۆ ئاگاداریی خوێنەران، جێی خۆیەتی وەبیر بێنمەوە کە هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور شەرەفکەندی، کراون بە کتێبێک. ئەم کتێبە ٩ ساڵ لەمەوبەر لە لایەن کۆمیسیونی چاپەمەنیی حیزبەوە، بە بۆنەی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندییەوە، ئامادە و چاپ و بڵاو کرایەوە.

سەرچاوەیەکی دیکە بۆ باس لە نووسینەکانی دوکتور شەرەفکەندی، ئەو بەیاننامە رەسمییانەی حیزبن کە دوکتور شەرەفکەندی نووسیونی. کۆمەڵێک پەیام و بەیاننامە کە هەر بە ناوی خۆیەوە وەک سکرتێری گشتیی حیزب بڵاو بوونەتەوە یا بە ناوی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسییەوە، بڵاو بوونەوە. لە هەمووی ئەمانە گرینگتر راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەمی حیزبە کە دوکتور شەرەفکەندی نووسیوێتی وئامادەی کردوە.

## زمانی نووسینەکانی دوکتور شەرەفکەندی

د. شەرەفکەندی بە هەر دوو زمانی فارسی و کوردی دەینووسی. دیارە نووسینی بە زمانی فارسی، دەست پێکرد. بەڵام دوایە وای لێ هات پتر بە کوردیی دەینووسی. ئەو لە قوتابخانە و دەبیرستان و زانکۆ بە فارسی خوێندبووی و هەر بەو زمانەش لە ئاستی دەبیرستان و زانکۆدا تەدریسی کردبوو. دیارە د. شەرەفکەندی، مامۆستای زانستی شیمی بوو. بەڵام زاڵبوونی ئەو بەسەر زمانی فارسی‌دا هەر لە بواری زانست دا نەبوو. زۆر تێکەڵاوی ئەدەبیاتی فارسی بوو، ئۆگری شێعری شاعیرانی ناوداری فارس بوو، فیلمی فارسی دەدیت و بەرهەمی نووسەر و ئەدیبە گەورەکانی ئێرانی دەخوێندەوە، هەر بە شەخسییش زۆر تێکەڵاوی کەسایەتییە فەرهەنگییەکانی ئێران (ئەوانەی لە دەرەوەی ولات دەژیان) بوو، بۆیە لە نووسین بە زمانی فارسی دا زۆر سەرکەوتوو بوو. وەرگێڕان بۆ سەر زمانی فارسیشی هەر زۆر باش بوو.

بەڵام ئەو پێی وابوو کەسایەتییەکی دیار و رێبەرێکی حیزبی دیموکرات کە کاری نووسینش دەکا، دەبێ فێر بێ بە زمانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەوەکەی خۆی بنووسێ، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی رابردوویەکی نەبوو لە کوردی نووسیندا، بەڵام «ضرورت» وای لێ کرد لە نووسین بە کوردی نەپرینگێتەوە. لە بارەی نووسینە کوردییەکانی د. شەرەفکەندی ئاماژە بە چەند خاڵێک پێویستە:

١- چونکە لە ماوەی ژیانی دا راهاتبوو بە فارسی مەبەستەکانی دەرببڕێ، لە نووسینەکانی دا هەست دەکەی هێندێک لە تەعبیر و دەربڕینەکانی لە ژێر کاریگەریی زمانی فارسیدان. لە هەر جێگایەک پێی وابوایە وشە وزاراوەی فارسی مەبەستەکەی باشتر دەگەیەنن، بە کاری دەبردن و لە جێگایەک وشەیەکی کوردیی جێکەوتووی شک بردبا، فارسییەکەی بەکار نەدەبرد. بەڵام دیارە، لە وشەی فارسی دا دەوڵەمەندتر بوو تا لە وشەی کوردی دا.

٢- بۆ د. شەرەفکەندی، دەربڕینی بێ گرێ و گۆلی مەتلەب و مەبەست گرینگتر بوو، بەتایبەتی کە بۆ رادیۆ دەینووسی، «شفافیت» و «صراحت» و «گەیاندنی پەیام» نەدەکردە قوربانیی لایەنی زمانیی نووسین. بە پێچەوانەی هێندێک کەس، کە بابەتەکەیان پڕە لە »لفاظی» و وشەی جوان و رستە و عیبارەتی ئەدەبی، بەڵام لەبارەی نێوەرۆک و پەیام و مەعناوە هەوڵی دەدا، پەیامەکە و مەعناکەی بە روونی بگاتە گوێگر، جا ئەگەر وشەکان، زۆر ئەدەبی و کتێبیش نەبن.

٣- هەر لە پێوەندی لەگەڵ کوردی نووسینەکەیدا، لە حاڵێکدا ئەو حەقەی بە خۆی دەدا لە وشەی و زاراوەی متداول (باو)ی سەرزاری خەڵک، بە تایبەت خەڵکی ئاسایی (نەخوێندەوار و کەم خوێندەوار) کەڵک وەربگرێ، ئامادە نەبوو پەنا بۆ وشەی داتاشراو و»من درآوردی» ببا. ئەو بە تایبەتی بۆ رادیۆ بە زمانێکی سادە دەینووسی، هەوڵیشی دەدا بەو زمانە ستاندارده بنووسێ کە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لێی تی دەگەن.

### ئایا دوکتور شەڕەفکەندی دا خاوەنی سەبک بوو؟

مەبەستم لە سەبکی نووسین، کۆمەڵە تایبەتمەندییەکن کە نووسینی کەسەکانیان پێ دەناسرێتەوە. بەو تێگەیشتنەوە دەتوانم بڵێم دوکتور شەڕەفکەندی خاوەنی سەبکی تایبەت بە خۆی بوو کە لەم چەند تایبەتمەندییە دا خۆ دەبیننەوە:

١- سادە نووسین، هەر بابەتێکی نووسیبای و لە هەر زەمینەیەک دا بوایە، بۆنوخبە و بۆ «خواص»ی نەدەنووسی، بۆ زۆربەی زۆری گوێگر و خوێنەری راگەیەنەکانی حیزبی دەنووسی.

٢- انسجام (وحدت موضوعی) لە نووسینەکانیدا هەبوو، لە ئەسڵی مەبەستەکەی دوور نەدەکەوتەوە، حاشیەرۆیی نەبوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر وتارێک بکەینە ٣ بەش: سەرەتا، نێوەڕۆک و ئاکامگیری، هەر یەکەی نرخی خۆی پێ دەدان. دیارە پێشەکییەکانی زۆر کورت بوون و خوێنەرو گوێگریان زۆر زوو دەبردە نێو ئەسڵی بابەت. هەوڵیشی دەدا پەیامی خۆی لە بەشی کۆتایی دا و بە یارمەتیی ئەو ئیستیدلالەی لە توێی مەتن دا کردوویە ( دوای دروستکردنی زەمینەی زێهنی و ئێستدلال و هێنانە گۆڕی فاکتەکان) بگەیەنێتە گوێگر یا خوێنەر.

٣- لە زۆربەی نووسینەکانیدا، لە پێشدا پرسیاری دەوروژاند و قسەکانی خۆی لە وڵامی ئەو پرسیارانەی خۆیدا دەکرد. هەم نەفی و رەتکردنەوەی قسە و ئیددیعای تەڕەفەکانی، هەم بۆ ئیسپات و سەلماندنی قسەی حیزبەکەی یا هی خۆی بە هۆی پرسیارەوە تەڕەفی بە چالش دەکێشا. دیارە پرسیارەکانی «طنز آمیز» و جۆرێک گاڵتە کردنی ناراستەخۆ بوون بە ئەقڵ و مەنتقی لایەنی بەرامبەر.

٤- دەکرێ بڵێین نووسینەکانی دوکتور شەڕەفکەندی هەموویان دەچنە خانەی ئەدەبی بەرەنگاری (ئەدەبی سیاسی). چونکە زۆربەی هەرە زۆریان لە دژایەتی لەگەڵ دیکتاتۆری، دواکەوتوویی و بندەستی و لە خزمەت بەرەو پێشبردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەو برەو پێدانی دێموکراسی و دادپەروەری دا بوون.

٥- خێرابوون لە لێکدانەوە و هەڵوێست گرتن و نووسین دا. کاتێک نووسین دەبێتە کاری رۆژانە و دەبێتە رێنوێنی تێکۆشەران و تودەی حیزبێک و کۆمەڵانی خەڵک، نووسەر دەبێ بەردەوام ئاگای لە رووداوەکان و هەڵوێستەکان بێ، دەبێ توانای لێکدانەوەیانی هەبێ، دەبێ بەوەخت وەدەست بێ و بنووسێ. دوکتور شەڕەفکەندی لەو جۆرە نووسەرانە بوو.

٦- بوون لەنێو واقعییاتی ژیانی رۆژانە دا. دەرکی روحیات و ئێش وئازار و موعاناتی خەلک کردن، جووڵاندن و وەخەبەر هێنانی تەلی هەستی گوێگر و خوێنەر، تەشخیص دانی نیاز و پرسیاری بەردەنگ و وڵامدانەوەیان و وورووژاندنی پرسیار لە گوێگر و خوێنەر دا و ئەرکدار کردن و بەرپرسیارکردنی، لە نووسینەکانی دوکتور شەرفکەندی دا، دەبیندرێ. بڕواننە پەیام بە بۆنەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، یا ئەو وتارانەی بە بۆنەی ئێعدامی بەکۆمەڵی لاوانی کوردستانەوە نووسیونی، بۆ ئەوەی بزانن چۆن هەست و قسەی ناخی خەڵک لەو کاتوساتانیدا دەربڕیوە. بە کورتی ئەو دەروونی بەردەنگی خۆی دەخوێندەوە.

ئەوخەباتگێڕەی هەم رێبەر بوو هەم نووسەر دوکتور شەرەفکەندی بە مانای واقیعی خەباتگێر بوو، گیانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ستەم و نابەرامبەری و دیکتاتۆریی تێدا بوو و بە ئاگاییەوە هەنگاوی بۆ هەڵ گرتبوو. بەڵام هەنگاوانی بۆ

**نووسینی: قادر وریا**

دژایەتی لە گەڵ ستەم و دیکتاتۆری و نابەرامبەری، هەم لایەنی فکری هەبوو، هەم لایەنی پراکتیکی. ئەوخەباتگێڕێکی زانا بوو، بەردەوام دەیخوێندەوە و فێر دەبوو، هەر لەوکاتەدا توانی فیرکردنی هەبوو. لەو کۆمیسیۆنەی کاری دەکرد، لە رادیۆ، لە رۆژنامە و دەستەی نووسەران و لە کۆڕ وکۆبوونەوەی حیزبیدا، دەتتوانی لێی فێر بی. گوێگرتن لە رادیۆ و خوێندنەوەی کتێب و مجلات و رۆژنامە لانیکەم بە سێ زمانی کوردی و فارسی و فەڕانسە، تەعقیبی نەشریات و هەڵوێستەکانی حیزب و رێکخراوە ئێرانییەکانی دەکرد. لە خوێندنەوە دا خێرا بوو. لەسەر فاکتی زۆر ورد دەوەستا. لە راستیدا لە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانەشیدا، هەر مامۆستا بوو.


**تێبینی: ئەم وتارە لە کۆڕیادێک بە بۆنەی ١٩ ساڵەی تیرۆری دوکتور شەڕەفکەندی دا پێشکەش کراوە. لە ژمارەی داهاتوی «کوردستان» دا، بەشی دووهەمی ئەم وتارە بڵاو دەکرێتەوە کە تایبەتە بە روانگە و بیرو بۆچوونەکانی د. شەڕەفکەندی**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور شەرەفکەندی، لە ئاوێنەی بیر و بۆچوونەکانی دا



## شەرەفکەندی، تێکۆشەر و ڕووناکبیرێکی نەتەوەیی

د.سادق شەرەفکەندی، لە ژێر سەرپەرستیی براگەورەکەی، شاعیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر مامۆستا هەژار دا، پەروەردە ببوو. هەر لە منداڵییەوە خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان، بە هۆی شێعر و ڕێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی ئەو برایەی تێکەڵ بە هەست و بیری ببوو.

هاوینی ١٣٥٩، کە لە «یەنگیجە»ی نزیک سەردەرابات لە گەڵ ژمارەکی زۆر لە لاوە دیموکراتەکانی شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بەشداری دەورەیەکی سیاسی نیزامی بووین، د.شەرەفکەندی کە بۆ خۆی خەڵکی ئەو دەوروبەرە بوو، سەرپەرستیی ئەو دەورەیەی دەکرد. ڕۆژێک لە خزمەتی دا، بەو دۆڵ و دەرەیەی ئەوێدا بەرەوژوور، بەرەو «کانیەرەش» ڕۆیشتین. لە ڕیگایەدا هێندیک لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیی خۆی بۆ گێڕاینەوە. باسی ڕۆژانی جێژن و وەدەرکەوتن لە گوند لە گەڵ مندالانی دیکە و شێعری تایبەت بە منداڵان و ئامۆژگارییەکانی مامۆستا هەژاری بۆ کردین. بۆی باس کردین کە چۆن هەژار هانی دەدان نیشتمانی خۆیان خۆش بوێ و دواتریش کە گەورە بوو هەر لە ژێر کاریگەریی

ئەو وتانەی هەژاری براگەورەی دا بووە.

بۆیە کاتێکیش رووی کردە کاری سیاسی و کۆڕی تێکۆشان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی وەک حیزبی خۆی هەڵبژارد، چونکە ئەو حیزبە هەڵگری داوای نەتەوەیی بوو.

د.شەرەفکەندی پێی وابوو پرسی چینایەتی، بڕوا بە هیومانیزم (انساندوستی) و ململانێی بەرەی سوسیالیزم و ئیمپریالیزم، کە هەموویانی لە جێی خۆیاندا بەوە گرنگ بوون، هیچیان لە سەرووی پرسی نەتەوەیی نین. نابێ بۆ هیچکامیان مەسەلەی نەتەوەیی وەلا بنێ.

لەو وتووێژانەدا کەلەگەڵ «کشتگر»و بڵاوکراوەکانی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی دا کردوونی، زۆر بە توندی داکۆکی لە پرسی نەتەوەیی و پێویستیی دابینکردنی مافی نەتەوەکان لە ئێراندا دەکا و بە توندی دژی هێندێک بۆچوون دەوەستێتەوە کە ئینکاری هەبوونی پرسی نەتەوەیی و فرە نەتەوە بوونی ئێران دەکەن.

ئەو، بە دروستی پیی وابوو ماهییەتی خەباتی خەڵکی کوردستان نەتەوەیی یە نەک چینایەتی. لەو وتارانەدا کە وەک وڵامدانەوە بە هێرشەکانی حیزبی کۆمونیستی ئێران و کۆمەڵە بۆ سەر حیزبی دیموکرات نووسیونی، کە دێتە سەر باسی ناکۆکییە سیاسییەکانی ئەو کات، زۆر بە شێوەیەکی زانستی باسی تەرکیبی چینایەتیی خەڵکی کوردستان دەکا و بە بەڵگە و ئیستیدلالی بە هێز دەیسەلمێنێ کە بزووتنەوەی کوردستان بزووتنەوەیەکی نەتەوەیییە و لە قۆناغی ئێستا دا بە شوێن دابینکردنی ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی یەوەیە، نەک چینایەتی.

ئەو کاتەی بە شوێن نەمانی یەکیەتیی سۆڤیەتی و ئاڵوگۆڕەکانی جیهان لە دوا دەیەکانی سەدەی بیستەمدا، کۆمارە نەتەوەیییەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند، چێک و سلۆڤاکی، وەک دوو نەتەوە و دوو وڵات لێک جیا بوونەوە، نەتەوەکانی نێو یۆگۆسلاویی پێشوو،هەر کام بۆ جیابوونەوە و راگەیاندنی سەربەخۆیی و پێکهێنانی کیانی نەتەوەیی خۆیان هەنگاویان نا، لە نووسینەکان و لە وتووێژەکانیدا، گرنگیی زۆری پێدان، وەک رەوتی رزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەکان، ناوی بردن وپێیان خۆشحاڵ و گەشبین بوو، ئەمەی بە سەرەتا و مۆژدەیەک بۆ رزگاریی نەتەوە بندەستەکانی دیکە زانی.

نەورۆزی ١٩٩١(١٣٧٠) کە راپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان بە رزگاریی کەرکوک گەیشتە چڵەپۆپە، ئەم رووداوە کە لە

باری نەتەوەییەوە، گرنگی و بایەخێکی تایبەتیی هەبوو، بە ڕادەییەک بووە هۆی خۆشحاڵیی ئەو کەسایەتییە کە هاتە نێوشایی و هەڵپەڕکێیەک کە کادر و پێشمەرگەکان بەم بۆنەوە لە بنکەی دەفتەری سیاسی پێکیان هێنابوو و وێڕای ئەوان بەو بۆنەوە هەڵپەڕی و شادیی کرد.

ئەگەر سەیری وتار و نووسینەکانی لە بارەی فەلەستینەوە بکەین، لەو مەیدانەشدا، گرنگیدانی بە مەسەلەی نەتەوایەتی و بە رەوا و پیرۆز زانینی خەباتی نەتەوەیی و راوەستان لە بەرامبەر داگیرکەران و بەرزنرخاندنی خەبات و قوربانیدان لەم رێگایەدا، بە راشکاوی و با باشترین شێوە بەدی دەکەین.

## چەپ بەڵام چەپێکی نەتەوەیی و دیموکرات

نووسین و وتووێژەکانی د.شەرەفکەندی، ئاوێنەیەکن کە دەتوانین باوەڕکانی ئەو رێبەرە شەهیدە لە بارەی سۆسیالیزم و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان زۆر بە روونی تێدا ببینین. ئەو، داکۆکیی لە سوسیالیزم، وەک سیستمێکی ئابووری - کۆمەڵایەتی دەکرد، چونکە دەیتوانی مەودای نێوان چینەکان کەم کاتەوە. نەک هەر لە ئاستی کوردستان و ئێران، بەڵکوو لە رادەی دنیاشدا دژایەتی لەگەڵ چەوسانەوەی چینایەتی و نابەرابەریی کۆمەڵایەتی دەکرد. لەم بارەیەشەوە، روانینێکی جیهانیی هەبوو و لە لێکدانەوەی مەسەلە نێونەتەوەییەکان و ئالوگۆڕە جیهانییەکاندا، بایەخێکی تایبەتیی دەدا بە گرنگیی مەودای چینایەتی و دابەشبوونی ناعادڵانەی سامان و رۆڵیان لە گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئاسوودەیی ژیان، ئەوەندە بەلای د. شەڕەفکەندییەوە گرینگ بوون کە لە نەبوونیان دا هەم دیموکراسی، هەم ئاشتیی جیهانیی بە ناتەواو و ناسەقامگیر دەزانی. لەم بارەیەوە لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەم، کە بۆ خۆی وەک سکرتێری گشتیی حیزب نووسیویە و ئامادەی کردوە، دەڵێ:

«...ئاشتی و هێمنایەتی لە سەرانسەری جیهان ئاواتێکی پیرۆزن. بەڵام شەڕ و ئاشتی لەسەر مەیل و داخوازی یەک یا چەند حکوومەتی گەورە و بەهێز یا دوو بەرەی جیاواز پێک نایەن. ئەم شتانە لە ئەسڵ دا بەرهەمی رازی بوون یان نەبوون و هەست بە بەختەوەری کردن یا نەکردنی ئەفراد ئینسانی و گەلانی ئەم دنیایەن نەک ئاکامی پێکهاتن یا نەهاتنی دوو یا چەند دەوڵەت و حکوومەت. هەتا ئەوکاتەی ناعەدالەتیی جۆراوجۆری سیاسی و ئابووری لە دنیادا بمێنێ، هەتا ئەوکاتەی چەوساندنەوە بە شێوەی رەنگاوڕەنگ درێژەی هەبێ و تا ئەوکاتەی مەودایەکی زۆری هەژاری و بێ دەرەتانی لە لایەک و دەوڵەمەندی و زیادەخوازی لە لایەکی دیکە لێک جیا بکاتەوە دیارە ئاژاوە و شەڕە و کێشەش هەر سەر هەڵدەدا...»

زۆر لە لاپەڕەکانی دیکەی راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەم پڕن لە داکۆکی لە سۆسیالیزم و باس لە نابەرابەریی کۆمەڵایەتی و مەودای زۆری نێوان هەژاری و دەوڵەمەندی لە جیهان دا کە وەک مەترسی بۆ سەر ئاشتیی جیهانی و دیموکراسی سەیریان کراوە. هەر لەو راپۆرتەدا لە سەر کاریگەریی نەبوونی و خراپیی ژیان و بەڕێچوون لەسەر دیموکراسی دەڵێ:

«دیموکراسی دیارە بۆ ژیانی کۆمەڵگەی ئینسانی وەک هەوا وایە، بەڵام ئینسان تەنیا بە هەوا نان و ئاوێشی دەوێ.» (پاشان ئاماژە بە وڵاتانی ئامریکای لاتین دەکا کە ۱۰ ساڵێکە دێموکراسی لە نێویان دا جێگیر بووە، بەڵام هەنگاو بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان نەنراوە، دوایە نەتیجە دەگرێ): «...دێموکراسی هەرچەند مەرجێکی زۆر پێویست بۆ ژیانی بەختەوەرانەی ئینسانە، بەڵام تەنیا مەرج نییە و دێموکراسیی سیاسی بە بێ دێموکراسیی ئابووری و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی چ لە یەک وڵات و چ لە رادەی جیهانی دا ناتوانێ هەموو بۆشایی یەکانی ژیان پڕ بکاتەوە.»

## جێگای دیموکراسی لە باوەڕەکانی د. شەرەفکەندیدا

د. شەرەفکەندی دێمۆکراسیی بەم جۆرە پێناسە کردوە: «دێموکراسی» یانی پێکهاتنی فەزایەک کە لەودا هەر کەس هەست بەوە بکا کە دەتوانێ لە بارەی ژیان و چارەنووسی خۆی و وڵاتەکەی بە ئازادی نەزەر بدا و، بزانێ کە نەزەر و هەڵوێستەکانی لە بەڕێوەچوونی کاروباری وڵاتەکەی دا جێگا و شوێنیان هەیە و حیسابیان لەسەر دەکرێ.» (راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەم)

لەم پێناسەیە دا دەبینین د.شەرەفکەندی لە مەنزەر یا روانگەی نەتەوەیەکی بندەستەوە، سەیری دیموکراسی دەکا. ئەو، لە زۆر نووسین و بۆنەی دیکەدا لە روانگەی نەتەوەیییەوە بۆ دێمۆکراسی دەروانێ و دەیەوێ دێمۆکراسی، وڵامدەری نیاز و چاوەڕوانییە نەتەوەییەکانیش بێ.

لە تێگەیشتنی د. شەرەفکەندی دا، دێموکراسی ئەگەر بە رەسمی ناسینی ئازادی و هۆوییەتی تاک بێ، دەبێ دانان بە مافەکانی نەتەوەیەکیشی تێدا بێ:

«ئەگەر ئینکاری هۆوییەت و شەخسییەتی تایبەتیی تاقە فەردێک کارێکی غەیرە واقعی بێ، روونە کە ئینکاری هۆوییەت و شەخسییەتی تایبەتیی کۆمەڵێک ئەفرادیش کە گەل و نەتەوە پێک دێنن تا چ ئەندازە غەیرە واقعی یە».



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها لە نیوان دێموکراسی و «عدم تمرکز» و مەسەلەی نەتەوایەتیدا، بە قازانجی مەسەلە ڕەواکەی نەتەوەکەی پێوەندی دروست دەکا وپێی وایە خودموختاری یا مافی نەتەوەیی لە راستیدا دەبێ شکڵی پیادەکراوی ئەو دێموکراسییە بێ کە لە وڵات دا هەیە. هەر وەها بە دروستی وای بیر دەکردەوە کە ئەو مافە نەتەوەییە کە گەلان لە وڵاتێکی وەک ئێران دا دەیانبێ، دەبێتە دەستەبەری دێموکراسی، دەبێتە هۆی کۆنەبوونەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە مەرکەز.

د.شەرەفکەندی لە نێوان دێموکراسی و چالاکبوونی کۆمەڵ، لە نێوان دیموکراسی و پێشکەوتنی ئابووریی کۆمەڵ، لە نێوان سەربەخۆیی سیاسیی وڵات و دیموکراسی دا، پێوەندیی دەدیت و سەرنجی تێکۆشەرانی حیزبەکەی و لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی بۆ رادەکێشان. ئەو پێی وابوو لە حکوومەتی دیکتاتۆری دا خەڵک خۆی لە حکوومەت بە جیا دەزانێ و دڵخۆشییەکی بە رۆڵ و جێگای تایبەتیی خۆی لە کاروباری وڵات دا نییە، بۆیە کار کردن و بەرهەمهێنان بۆوان وەک بێگاری لێ دێ (نموونە وڵاتانی سۆسیالیستیی ئەو سەردەم، هەر وەها ئێران، کە خەڵکەکەیان لە دیموکراسی بێبەشن) بەڵام لە دێموکراسی و سیستەمی دیموکراتیک دا خەڵک دەسەڵات بە هی خۆیان دەزانن و بە عەلاقەوە لە کاروباری کۆمەڵ دا بەشداری دەکەن:

«بەستراوەیی» ئاکامی بێ ئەملاو ئەولای دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی یە. تەنانەت لە باری ئابوورییشەوە. هەر وەک گوتمان «خودکفایی» مانایەکی روونی نییە، ئەوە دێموکراسی یە کە نەخشی هەرە کاریگەر دەگێڕێ. وڵاتێک ناتوانێ خۆ لە پێوەندیی ئابووریی لەگەڵ وڵاتانی دیکە ببوێرێ. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پێوەندییە نەبێتە بەستراوەیی، پێویستە کە خەڵکی وڵات لە کاروباری ئابووری و بەرهەمهێنان دا چالاکانە و دڵسۆزانە بەشداری بکەن. ئەمەش وەدی نایە مەگەر لە سایەی دێموکراسییەوە، یانی کاتێک کە خەڵک حکوومەت بە هەڵبژاردە و نوێنەری خۆیان بزانن و هەست بە کاریگەربوونی بەشداریی خۆیان لە کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات دا بکەن. (ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەم)

## بوێر بوون لە رەخنەگرتن و ئازایەتی لە داواکردنی گۆڕاندا:

رازی نەبوون بە وەزعی مەوجوود و نەزمی مەوجوود و پێناسەکانی سەردەم، یەکێک لەو تایبەتمەندییە بەرزانەی د.شەرەفکەندیین کە کاریگەریی زۆریان لە سەر بیر و باوەڕەکانی و لە سەر هەڵوێست و کەسایەتیی خەباتگێڕانەی هەبووە. با ئاماژە بە درەوشانەوەی ئەو تایبەتمەندییەی لە نێو هێندێک هەڵوێست و روانینەکانیدا بکەم.

د.شەرەفکەندیی نەمر، لایەنگری سۆسیالیزم بوو و سەرسەختانە داکۆکی لە بیروباوەڕی سوسیالیستی دەکرد، بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەخنەگری سیستەمی سیاسیی وڵاتانی سۆسیالیستی بوو، بوێرانە رەخنەی لەو شتانە دەگرت کەبە ناوی سۆسیالیزمەوە دەکران.

لە وتاری «رابردوو و دوارۆژی ئەفغانستان» (١٣٦٧)دا دەڵێ: « ئەمە چ سۆسیالیزمێکە کە لە ترسی ئیمپریالیزم دەبێ بە زۆر و لە رێگای دامەزراندنی دیکتاتۆرییەکی ئاشکرای نیزامییەوە دیفاعی لێ بکرێ، نەک بە پشتیوانیی رەوابوون و حەقانییەتێک کە لە جەوهەری خۆیدا هەیەتی؟»

هەر وەها ئەو کاتەی وڵاتانی سۆسیالیستی نەمان و سیستەمە سۆسیالیستییەکان رووخان، ئەوەی وەک ئاکامی خراپیی سیستەمی سیاسی وبەتاڵبوونیان لە دیموکراسی سەیر کرد نەک وەک نیشانەی خراپیی سوسیالیزم، و بە هەمان راشکاویی جارانەوە دیفاعی لە سوسیالیزم دەکرد.

نموونەیەکی دیکە لەم تایبەتمەندییەی ئەوە بوو، تەسلیمی  روانین و بیرکردنەوە و پێناسەی دەوڵەتان و هێزە گەورەکان نەدەبوو. لە روانگەی خۆی و بەرژەوەندی بزووتنەوە و نەتەوەکەی خۆیەوە سەیری دنیای دەکرد. چەمکە جۆراوجۆرەکانی لە روانگەی سیاسی و خەباتگێڕی نەتەوەیەکی بندەستەوە پێناسە دەکرد. لە وتارێک لە ژێر سەردێڕی «تیرۆریزم بە چی دەڵێن»دا، بەم جۆرە  روانینی دەوڵەتان و رێژیمە زۆردارەکان لە بارەی تیرۆریزمەوە رەت دەکاتەوە:

«زۆر داران بە کەیفی خۆیان هەرچی بە زەرەریان و دژی خۆیان بووە، بە تیرۆریزمیان داناوە و حکوومەتیان کردوە و هەرچی بۆخۆیان کردوویانە و بە قازانجی خۆیان دیتووە بە رەوایان زانیوە. حکوومەتە دیکتاتۆر و سەرەرۆکان بە مەیلی خۆیان تا ئەو جێگایە دەستیان دەڕوا، خەڵک دەگرن، دەکوژن و... بەڵام بە هیچ جۆرە ئەوە بە تێرۆریزم ناو نابەن. لە بەرامبەر دا هەر کات کەسێک یان تاقمێک لە ناچاری دژی زەبر و زەنگی حکوومەت و تاقمی زۆردار و دەسەڵاتدار راپەڕن و بە ناچار دەست بۆ چەک و توندوتیژی بەرن، ئەوە دەستبەجێ ناوی تێرۆریزمی لەسەر دادەنرێ و هاواری مەحکوومییەتی بۆ بەرز دەبێتەوە.» (لاپەرەکانی ١٥٣ و ١٥٤ی کتێبی هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی، چاپی سوئێد)

هەر وەها دەڵێ:

«بە کورتی تا کاتێک لە دنیادا ماف و ئازادییەکانی ئینسانی «تابع»ی هەوا و هەوەسی زۆرداران بێ و قانوون لە لایەن زۆردارانەوە بنووسرێ، نەک هەر تێرۆریزم بەڵکوو زۆر کاری دیکەش مانایەکی روون و دیاریکراویان نابێ و زۆرداران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەتوانن هەموو جووڵانەوەیەکی عادڵانە و هەموو ڕاپەڕینێک و کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بە خیلافی قانوونەکانی خۆیانی دابنێن و بە عینوانی تیرۆریزم مەحکوومیان بکەن، لە بەرامبەر دا هەموو جینایەتێکی خۆیان بە رەوا و عادڵانە و قانوونی لە قەڵەم بدەن.» (لاپەرەی ١٥٦ی کتێبی هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی، چاپی سوئێد)،

یەکێکی دیکە لە رەنگدانەوەکانی ئەو تایبەتمەندییە بەرزەی د.شەرەفکەندی لە هەڵوێست و روانینەکانی دا، بەرەسمی ناسینی خەبات دژی ستەم و بێ مافی بوو، جا ئەگەر بە هۆی ئەم خەباتخوازییەوە ئاشتی لە ئاستی ناوچە و جیهانیش دا کەوتبایە مەترسییەوە:

«تا کاتێک زوڵم و زۆر هەبێ، تا کاتێک چەوساندنەوەی جۆربەجۆری چینایەتی، نەژادی، نەتەوەیی، مەزهەبی و جینسی باو بێ، تا کاتێک دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە لایەک و یەخسیری و کۆیلەتی و دیلی و ژێر چەپۆکی و هەژاری لە لایەکی دیکە لە گۆڕێ دابێ، شەڕ و ناکۆکی هەر دەبێ و هەر دەشبێ ببێ. چەوسێنەر و زاڵم و سەرەڕۆ هیچکات بە مەیلی خۆیان دەست لە چەوساندنەوە و زوڵم و دیکتاتۆری هەڵ ناگرن، مەگەر بە زۆری و لە ئاکامی شکست لە خەباتێکی توندوتیژ دا نەبێ! کەوابوو سوڵح و ئاشتیی گشتیی جیهانی و هەروەها شەڕ و خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و بۆ لە نێوبردنی زوڵم و چەوساندنەوە نەک هەر لێک جیا نین، بەڵکوو دوو لایەن و دوو دیوی یەک مەسەلەن کە یەکیان تەواوکەری ئەوەی دیکەیە. ئەو مەسەلەیەش بریتییە لە ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤ.» وتاری «ساڵی تازەی جیهانی» (بە بۆنەی دەسپێکردنی ساڵی ١٩٨٩)

**ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رۆژنامەی "کوردستان"(ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی) نووسراوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

## ئەو ئەلفوبێیەی د.شەرەفكەندی فێری كردین!



بۆ ستوونی بەرلەمالاوایی ڕۆژنامەی 'كوردستان" ژمارە ٥٩١ (تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی د.سادق شەرەفكەندی و هاوڕێیانی) نووسراوە.

بیست ساڵ لەمەوبەر، لە بەرە بەری پاییزێكی دڵڕفێنی داوێنی قەندیلدا،ڕاست لەو كاتانە دا كە خۆمان بۆ گەڕانەوەی ئامادە دەكرد، هەواڵی شەهیدبوونیمان بۆ هات. چەند تاڵ بوو! مێژوو لە ئێمە دووپات دەبۆوە. دیسان بە ڕۆژی هەینی، لە دەفتەری سیاسییەوە، نەفەریان بۆ ئاگاداركردنمان نارد. جارێكی دیكە سكرتێری گشتی و چەند هاوڕێیەكی بەوەجمان، ببوون بە نێچیری تیرۆریزمی دەوڵەتیی كۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەمجاریش پێتەختێكی ئورووپا،شایەدی ڕژانی خوێنی ڕێبەرێكی كورد و چەند هاواڵێكی بوون. سەرلەنوێ سەرنجی ڕاگەیەنە گشتییەكان لە سایەی تاوان و غەدرێكی دیكە كە لە كورد كرابوو، چۆوە سەر بزووتنەوەی كورد و ئەو پیلانانەی لە سەر ڕێی نەتەوەكەمانن. دیسان بە شێوەی نائاسایی گەڕاینەوە شوێنی كار و قۆڵهەڵماڵین لە نووسین و گوڕاندن و ئەو ئەرك و كارانەی لەوكاتانە دا دەبێ بیانكەین. دووبارە خۆ ئامادەكردن بۆئەوەی لە ئاستی چاوەڕوانیی نەتەوەیەك دابین كە ٣ ساڵ پێشتر، د.قاسملوو و ئێستاش جێنشینی ئەو ڕێبەرەیان لێ ئەستاندبوو.

٣ ساڵ پێشتر كە هەواڵی شەهیدكرانی د.قاسملوو بڵاو بۆوە، ئەومان شك دەبرد بۆ ئەوەی بە خەڵك بڵێین نیگەران



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەبن،د.شەرەفکەندیمان هەیە کە دەتوانێ جێنشینێکی شیاو بێ بۆ ئەو ڕێبەرە بە توانایە. ئێستاش دەبوایە بە خەڵکەکەمان بڵێین، راستە لە دەستدانی ئەو ڕێبەرە گەورانە، خەسارێکی گەورەن، بەڵام ئێمە و ئێوە بۆمان نییە ناهومێد بین.حیزبێک کە ئەم ڕێبەرانەی پێگەیاندوە، ڕێڕەوان و قوتابیانی ئەوتۆشی لە گەڵ ئەواندا بۆ بەردەوامیی ڕێگاکەیان و ئەرکەکانیان پەروەردە کردوە کە ئەگەر کەسێک بە تەنیاش نەتوانێ جێگای ئەوان پڕبکاتەوە، بە کاری بە کۆمەڵ و بە گیانی هەستکردن بە بەرپرسایەتی دەتوانین وا بکەین کەمتر بۆشایی نەبوونی ئەوانمان پێوە دیار بێ. هەر واشمان وت، هەر واشمان کرد. بەو هاودەردی و هاوپێوەندییە بەرینە کە لە رادەی کوردستان و لە رادەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و لە ئاستی ڕێکخراو و کەسایەتییە دێموکرات و مرۆڤدۆستەکانی جیهان لە گەڵ حیزبی دیموکرات شایەدی بووین، بۆ مەگەر دەکرا غەیری ئەوە بکەین کە لێمان چاوەروان دەکرا؟

چەندین ساڵ لەمەوبەر دێرە شێعرێکی فارسیم دیوە کە ناوەرۆکەکەی ئەوە بوو"لە خدریان پرسی تەمەنی درێژ چ سوودێکی بۆ تۆ تێدابووە بێجگە لە دیتنی مەرگی ژمارەیەکی زیاتر لە ئازیزانت" کە ئاوڕ لە رابردوو دەدەمەوە ودەبینم زۆر لەو کەسانەی بوون و مانیان لە مانی من بۆ نەتەوەکەیان و خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان، پێویستتر بوو، و هەر لەو کاتەش دا خۆشم دەویستن و هیوای خۆم و حیزبەکەم و نەتەوەکەمم لە سەر بنیات نابوون، لە ژیان دا نەماون وشەهید بوون، ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم،ئەرێ خۆشیی ئەو زۆرتر ژیان و درەنگتر مردنە بۆ مەمانان لە چێ دایە؟ بە تایبەتی کە بە حوکمی کار و ئەرک و بەرپرسایەتییەکەم، دەبێ ناوە ناوە(جارێک بە بیانووی یادی ١٠ ساڵە و جارێک بە ناوی ٢٠ ساڵە، ئەمجارەیان بۆ ئەمیان و جارێکی دیکە بۆ ئەویان) بچمەوە نێوقوولایی ئەو ساتە تاڵ و ناخۆشانەی ئەم کارەساتانەیان تێدا روو دا. هێندێ جار دڵی خۆم بەوە خۆش دەکەم حیکمەتێک لەم مانەوەیە دا هەیە. دەبێ کەسانێکیش هەبن بۆ بەرزراگرتنی یادی ئەوانی پێش خۆیان، بۆ پێشگرتن لە نیشتنی غەور و ژیلەمۆی فەرامۆشی لەو بیر و ئەندێشانەی کە هەتا دەیان ساڵی دیکەش دەتوانن وەک گەوهەر بدرەوشێنەوە. دەبێ کەسانێکیش بمێنن بۆ ئەوەی شایەدی بدەن لە سەرئەم هەمووە پاکی و خاکی و گەورەیی و بەخشەندەیی پێشەوا و پێشەنگانی قۆناغە سەختەکانی رابردوو. غەدرێکی گەورە دەبێ، ئەوانەی دەڕۆن بکەونە بەر بێئەمەگیی ئەوانەی دێن. ئەمەش روو دەدا ئەگەر کەسانێک نەبن سەرنجی تازەهاتووەکان بۆ لای ئەم مێژووە بە خوێن نەخشاوە رانەکێشن و شێعرەکەی ئەحمەد موختار بەگی جافیان بە گوێ دا نەدەن کە "بە بێقەدری بە سەریا رامەبوورن حورمەتی بگرن ئەم خاکە شیرینە..."

بیست ساڵ لەمەوبەر ئەوکاتەی ژمارەی تایبەت بە شەهیدبوونیمان، ئامادە دەکرد، بە دوورم دەزانی شانس و شانازیی مان و بەشداری لە ژمارەی پێنج ساڵە و ١٠ ساڵەی شەهیدبوونی ئەو ڕێبەر و مامۆستایەی خۆمم دا هەبێ.ئەوا نەمردم و بەشداری ئامادەکردنی ژمارەی تایبەتی ڕۆژنامەیەکم کە یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی یەکێک لە سەرنووسەرەکانی خۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکاتـەوە. هـەر ئـەو سەرنووسـەرەی کـە ئـەلف و بێـی کـاری ڕاگەیـانـدن و ڕۆژنامەنووسیی شۆڕشگێڕانەی پێ وتـین. بـەڵام گرنگتر لە ئەلفوبێی نووسین، ئەلفوبێی سادەژیان و جیدی بـووون وشۆڕشگێڕی وشێلگیربوون و هەستکردن بـە بەرپرسـایەتی لە ئاست نەتەوە و نیشتمان و بەرهەمی خەبات و فیداکاریی تێکۆشەرانی پێش خۆمانی فێرکردین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



# وڵامێک تژی خاکەڕایی و وردبینی و مامۆستایی

## یادگارێک لە ڕێبەری شەهید د.سادق شەرەفکەندییەوە

**لە ئەرشیڤی خۆمەوە(٧)**

**٢٥ی نۆڤەمبری ٢٠١٨**

ساڵانێک د.سادق شەرەفکەندی(د.سەعید) بەرپرسی چاپەمەنی و رادیۆی حیزب بوو. نەک من زۆربەی هاوکارانیشم، هەڵسەنگاندن و رەخنە و تێبینیی د.شەرەفکەندیمان وەک سەرنووسەری رۆژنامە و بەرپرسی رادیۆ لەسەر نووسینەکانمان بەلاوە گرنگ بوو. دیارە ئەو وتارانەی بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان"مان دەنووسی، لە کۆبوونەوەی دەستەی نووسەران دا قسەمان لە سەر دەکردن. بە نۆرە هەر کامێکمان لە سەر بابەت و نووسینی هەر یەکێک لەئەندامانی دەستەی نووسەران قسەمان دەکرد و ڕەخنە و تێبینیەکانمان دەخستە روو.

بەڵام کە بۆ رادیۆمان دەنووسی، نووسەر بۆ خۆی لە گەڵ د.سەعید تەرەف دەبوو. چونکە نووسین بۆ ڕادیۆ رۆژانە بوو(کوردستان ئەوکات مانگێ جارێک دەردەچوو)ماوەی ئەوە نەبوو لە سەر هەر وتارێکی سیاسیی رادیۆ، کۆبوونەوە و باس لە سەرکردنی بە کۆمەڵ پێک بێ. کاک سەعید یا نووسەرەکەی بانگ دەکرد و عەیبی نووسینەکەی پێ دەگوت، یا لە گەڵ یادداشتێک دا، وتارەکەی بۆ خاوەنەکەی دەناردەوە تا هەم بزانێ بۆ چی بڵاو نەبۆتەوە، هەم بە عەیبی کاری خۆی بزانێ و بۆ داهاتوو لە نووسینەکانی دا لە بەرچاویان بگرێ.

ئەم بەڵگەنامەیەی ئەمڕۆ بڵاوی دەکەمەوە، یەکێکە لەو یادداشتانەی د.سەعید بۆ من. بڵاوی دەکەمەوە چونکە لە زۆر بارەوە لە ڕوانگەی منەوە بە نرخە. جۆری نووسین و دوانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبێکی گەورە لە گەڵ کادرێکی هاوکاری، هەر لەو کاتە دا هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکی ئەکادیمی لە سیمای ڕێبەرێکی سیاسیدا لە گەڵ لاوێکی خولیای نووسین و فێربوون. خاکەڕایی و وردبینی و بیرو بۆچوونی کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و دیموکرات و سەرکردەیەکی بزووتنەوەیەکی گەورە لە پەیڤین لە گەڵ هاوڕێیانیدا، لە قەدەر خۆی بەو نامەیەوە دیارە.(ئەو نامەیە کاتێک نووسراوە کە د.قاسملوو شەهید بووە و کاک سەعید، بووە بە کەسی یەکەمی حیزب، بەڵام هێشتا بە رەسمی و لە لایەن پلینۆمەوە وەک سکرتێری گشتی نەناسێندراوە.)

ئەوەش زیاد دەکەم کە بە شایەدیی هاوکارانی ئەو کاتم کە زۆربەیان بە خۆشیەوە ئیستاش لە ژیان دان،من لە نێو نەسلی سالانی نێوان کۆنگرەی ٨ بۆ ٩ی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا، بە قەولی هاوکارانم بەختەوەرو خۆششانس بووم، چونکە زووتر لە زۆربەی زۆریان، لە پاکنەویس(دووبارە نووسینەوە)ی وتارەکانم، ڕزگارم بوو. واتەدوای ١ - ٢ ساڵ وام لێهات کە وتارەکانم ئەوەندە دەسکاریی د.سەعید و مامۆستا حەسەنزادەیان نەوێ کە ناچار بم هەموو جارێ پاکنووسیان بکەمەوە. بۆ ئەو کاتی ئێمە، ئەوە پلەیەک بوو لە پێگەیشتوویی لە نووسین دا! ئێستاش کە ئاوڕ لەو سەردەم دەدەمەوە بە شانازییەوە دەڵێم فێربوون لە خزمەت ئەو کەسایەتییە گەورانەدا، شانسێکی گەورە بووە کە خۆشبەختانە منیش لێی بێبەش نەبووم.

## ئەوەش دەقی یادداشتەکە:

### کاک قادر گیان!

١٣ - ٩ - ١٣٦٨

### لە گەڵ سڵاو و سوپاس: وتارەکە لە سەر "پانک" و "پانکی" بە نەزەر من چەند ئیشکالی تێدایە:

**یەکەم**، ئەو شتە ئەوەندە گرنگ نیە کە "وتارێکی سیاسی" بۆ تەرخان بکرێ..
**دووهەم**، باوەڕکردن بەوە کە ڕێژیم بۆ خۆی ئەوە پەرە پی دەدا و تەشویق دەکا، هێندە روون نیە.
**سێهەم**، لە ئەسل دا بۆخۆی جێگای پرسیارە کە ئایا پێشگیری لە لاوان لەوە کە وەک پۆنکی خۆیان بڕازێننەوە، کارێکی دیموکراتیکە یان نا؟

لە دیموکراسی دا خەڵک بە پێی قاعیدە دەبێ لە ژیانی شەخسی و خصوصی خۆیان دا ئازاد بن بە شەرتێک زیان بە خەڵکی دیکە نەگەیەنێ.. جا پونک زیان بە ژیانی شەخسیی کێی دیکە غەیری خۆی دەگەیەنێ؟

دیارە دەکرێ سەرزنشی لاوان (بە تایبەتی لاوانی کوردستان) بکرێ کە لە جیاتی ئەوەی روو لەو جۆرە کارانە بکەن و موادی مخدر و شتی وا بە کار بەرن، روو لە کاری سیاسی بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


**بە نەزەر من وتارێک لە سەر پونک و پونکی ئەم نێوەرۆکە کە عەرزم کردی بۆ "لاوان" باشە. ڕێژیمیش دەکرێ سەرزنش بکرێ کە محیطێکی وای پێک هێناوە لاوان ناچار بن ڕوو لە شتی وا بکەن.!**

**دیسان سوپاس**

**سەرکەوتوو بی**

**برات: سەعید"**

---



١٤/٩/٦٨

کاک قادر گیان:

لەگەڵ سڵاو و سوپاس: وتارەکە لەسەر "پانک" و "پانکی"

بە نەزەری من چەند ئیشکالی تێدایە:

یەکەم - ئەو ڕشتە ئەو وەندە بەکرێنگ نیە کە وتارێکی سیاسی "ی" لەبۆ تەرخان بکرێ.

دووهەم - باوەڕ کردن بەوەکە ڕژێم خۆی ئەو ... [illegible] لە شوێنی [illegible] هێنە، ڕوون نیە.

سێهەم - لە ئەسڵ دا بۆ خۆی جێگای پرسیارە کە ئایا پێش گیری لە لاوان لەوەکە وەک پونکی خۆیان بڕازێنەوە، کارێکی دیموکراتیکە یان نا؟ لە دیموکراسی دا خەڵک [illegible] ئازادی شەخسی و حقوقی خۆیان دا ئازادن بە شێوەیەک زیان بە خەڵکی دیکە نەگەیەنێ. جا پونک زیانی بە ئازادی شەخسی کێ ی دیکە بێجگە لە خۆی دەگەیێنێ؟

دیارە دەکرێ سەرزەنشتی لاوان (بە تایبەت لاوانی کوردستان) بکرێ کە لە جیاتی ئەوەی [illegible] کارانە بکەن و [illegible] بە کار بهێنن، زوو لە کاری سیاسی بکەن ..

بە نەزەری من وتارێک لە سەر پونک و پونکی بەم نێوەرۆکە کە عەرزم کرد بۆ لاوان باشە! ڕژێمیش دەکرێ سەرزەنشت بکرێ کە محیطێکی وای پێک هێناوە لاوان ناچار بن ڕوو لە شتی وا بکەن!.

دیسان سوپاس.

سەرکەوتوو بی.

برات: سەعید

نووسینی: قادر وریا

## تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە دوای بڕیارە مێژووییەکەی دادگای بێرلینەوە




لە دوای ئەوەی دادگای میکۆنووس لە ٢١ی خاکەلیوەی ١٣٧٦ لە پێوەندی لە گەڵ پەروەندەی تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا، بڕیاری یەکجاریی خۆی ڕاگەیاند و ڕێژیمی ئێرانی لە بەرزترین ئاست دا بە تیرۆریست ناساند، ولاتانی یەکیەتیی ئورووپا سەفیرەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە و چاویان بە ئاست و جۆری پێوەندییەکانی خۆیان لە گەڵ ئەو ڕێژیمە دا خشاندەوە. تێچووی سیاسی و ڕێسوایی سەرچاوەگرتوو لەو بڕیارە مێژووییەی دادگای میکۆنووس بۆ کۆماری ئیسلامی بە ڕادەیەک بوو کە ڕێژیمی ئێران، نەویرێ جارێکی دیکە شار و پێتەختەکانی ئورووپا بۆ تیرۆری نەیارانی خۆی هەڵبژێرێ. خۆبواردنی چەندساڵەی ئەو ڕێژیمە لە دەستبردن بۆ تیرۆری موخالیفان لە وڵاتانی ئورووپایی کە هۆیەکەی ئاشکرایە، ئەو گومانەی لای هێندێک ولاتی ڕۆژاوایی و تەنانەت هێندێک لە ئێرانییەکان لە دەرەوەی ولات دروست کرد کە لەوانەیە ئەو ڕێژیمە دەرسی عیبرەتی لەو ڕیسوابوونەی خۆی لە ئاستی جیهان دا وەرگرتبێ و دەستی لە کردەوەی تیرۆریستی هەڵگرتبێ. دیارە گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی لە ئێران کە پێکهاتنی گۆڕان لە دوو دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و یاسادانانی بەدوا داهات، دامودەزگا ئەمنیەتی و ماشێنی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی لە نیوخۆی دا بەرەورووی کێشە و گرفت کردەوە. بەڵام سەردەمی ناخۆشی سوپا و وەزارەتی ئیتلاعات و دامەزراوەکانی تایبەت بە تیرۆر و سەرکوت، زۆری نەخایاند و لە گەڵ زاڵبوونەوەی بە تەواویی کۆنەپارێزان و توندڕەوەکان، جاریکی دیکە دەستی ماشێنی تیرۆر و سەرکوت لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دا بۆ سەرکوت و لە نیو بردنی نەیاران وەک پێشوو ئاوەڵا کرایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**نووسینی: قادر وریا**


له راستیدا کۆماری ئیسلامی، تەنیا له وڵاتانی ڕۆژاوایی خۆی له تەقاندنەوەی بۆمب و کوشتن و ڕفاندنی نەیاران دوور ڕاگرت، ئەگینا له پیوەندی له گەڵ دەسەڵات و هێزه دژبەر و بەرهەلستکارەکانی خۆی له ڕۆژهەڵاتی نیوەراست و وڵاتانی دراوسێی ئێراندا، هەر سیاسەتی پێشووی خۆی درێژه داوه. ئەگەر جیاوازییەک بووبێ، ئەوه بووه که له جیاتی کاری کوشتن و تەقاندنەوه و ڕفاندن و بێسەروشوێنکردن به دەستپەروەرده و بەکرێگیراویی ئێرانیی خۆی ئەنجام بدا، له ڕێگای تاقم و گرووپەکانی بەستراوه به خۆی لەو ولاتانه دا، ئەنجامی داون. له نیوخۆی ولاتیش له جیاتی سەربڕینی ناڕازییان و کوشتنێیان به سەبکی قەتله زنجیرەییەکانی دەیەی حەفتا، جۆرێکی دیکه له تیرۆر و له نێوبردنی ناڕازی و جیابیرانی گرتوەته بەر. ئەویش بەرەڕووکردنیان له گەڵ ئەو پەڕی گوشار و هەڕەشه یه، به جۆرێک که یا له بەندیخانه و هاتوچۆی ئیتلاعات دا بەرەبەره له پێ بکەون، یان ناچار بن ئیران به جێ بێڵن و رابکەن بۆ هەندەران. له گەڵ ئەمانەش دا هەر وەک مەحموودی عەلەوی وەزیری ئیتلاعاتی ئاخوند ڕۆحانیی سەرکۆماری هاوکات اعتدالی و ڕیفۆرمخواز!! دانی پیدا نا، هەر کات بۆیان هەڵکەوتبێ و زانیبیتیان که تیرۆر و ئینسانڕفاندنەکەیان، له میدیاکان و کۆڕوکۆمەله نیودەولەتییەکاندا، دەنگدانەوەی نابێ، یا کێشەی گەورەیان بەرەڕوو ناکاتەوه، دەستیان لێ نەپاراستوه.نموونەکەی ڕفاندنی عەبدولمالیک ریگی له وڵاتێکی دراوسێ بوو که دوایه سناریۆیەکی سەیر وسەمەرەیان بۆ دروست کرد تا وا نیشان بدەن له فڕۆکەیەک که به سەر ئاسمانی ئێراندا تیپەڕ دەبوو، دایانبەزاندوه و بەم جۆره هەم توانای ئەمنیەتیی یەکجار زۆری ڕێژیمەکەیان پێشان بدەن، هەم ساتوسەودا له گەڵ دەزگایەکی سیخوڕیی ولاتێکی دراوسێ له بارەی عەبدولمالیک ریگی، بشارنەوه.

سەرچاوه: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی ئەپریلی ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بوێر بوون لە ڕەخنەگرتن و ئازایەتی لە داواکردنی گۆڕاندا:



رازی نەبوون بە وەزعی مەوجوود و نەزمی مەوجوود و پێناسەکانی سەردەم، یەکێک لەو تایبەتمەندییە بەرزانەی د.شەرەفکەندیین کە کاریگەریی زۆریان لە سەر بیر و باوەڕەکانی و لە سەر هەڵوێست و کەسایەتیی خەباتگێڕانەی هەبووە. با ئاماژە بە درەوشانەوەی ئەو تایبەتمەندییەی لە نێو هێندێک هەڵوێست و ڕوانینەکانیدا بکەم .

د.شەرەفکەندیی نەمر، لایەنگری سۆسیالیزم بوو و سەرسەختانە داکۆکی لە بیروباوەڕی سوسیالیستی دەکرد، بەڵام ڕەخنەگری سیستەمی سیاسیی وڵاتانی سۆسیالیستی بوو، بوێرانە ڕەخنەی لەو شتانە دەگرت کەبە ناوی سۆسیالیزمەوە دەکران.

لە وتاری «**رابردوو و دوارۆژی ئەفغانستان**» (١٣٦٧)دا دەڵێ: «ئەمە چ سۆسیالیزمێکە کە لە ترسی ئیمپریالیزم دەبێ بە زۆر و لە ڕێگای دامەزراندنی دیکتاتۆرییەکی ئاشکرای نیزامییەوە دیفاعی لێ بکرێ، نەک بە پشتیوانیی ڕەوابوون و حەقانییەتێک کە لە جەوهەری خۆیدا هەیەتی؟»

هەر وەها ئەو کاتەی وڵاتانی سۆسیالیستی نەمان و سیستەمە سۆسیالیستییەکان ڕووخان، ئەوەی وەک ئاکامی خراپیی سیستەمی سیاسی و بەتاڵبوونیان لە دیموکراسی سەیر کرد نەک وەک نیشانەی خراپیی سوسیالیزم، و بە هەمان ڕاشکاویی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جارانەوە دیفاعی لە سوسیالیزم دەکرد.

نموونەیەکی دیکە لەم تایبەتمەندییەی ئەوە بوو، تەسلیمی روانین و بیرکردنەوە و پێناسەی دەوڵەتان و هێزە گەورەکان نەدەبوو. لە روانگەی خۆی و بەرژەوەندی بزووتنەوە و نەتەوەکەی خۆیەوە سەیری دنیای دەکرد. چەمکە جۆراوجۆرەکانی لە روانگەی سیاسی و خەباتگێری نەتەوەیەکی بندەستەوە پێناسە دەکرد. لە وتارێک لە ژێر سەردێڕی «**تیرۆریزم بە چی دەڵێن**»دا، **بەم جۆرە روانینی دەوڵەتان و ریژیمە زۆردارەکان لە بارەی تیرۆریزمەوە رەت دەکاتەوە:**

«زۆرداران بە کەیفی خۆیان هەرچی بە زەرەریان و دژی خۆیان بووە، بە تیرۆریزمیان داناوە و حکوومەتیان کردوە و هەرچی بۆخۆیان کردوویانە و بە قازانجی خۆیان دیتووە بە رەوایان زانیوە. حکوومەتە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکان بە مەیلی خۆیان تا ئەو جێگایە دەستیان دەڕوا، خەڵک دەگرن، دەکوژن و... بەڵام بە هیچ جۆرە ئەوە بە تێرۆریزم ناو نابەن. لە بەرامبەر دا هەر کات کەسێک یان تاقمێک لە ناچاری دژی زەبر و زەنگی حکوومەت و تاقمی زۆردار و دەسەڵاتدار ڕاپەڕن و بە ناچار دەست بۆ چەک و توندوتیژی بەرن، ئەوە دەستبەجێ ناوی تێرۆریزمی لەسەر دادەنرێ و هاواری مەحکوومییەتی بۆ بەرز دەبێتەوە.» (لاپەرەکانی ١٥٣ و ١٥٤ی کتێبی هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی، چاپی سوئێد)

**هەر وەها دەڵێ:**

«بە کورتی تا کاتێک لە دنیادا ماف و ئازادییەکانی ئینسانی «تابع»ی هەوا و هەوەسی زۆرداران بێ و قانوون لە لایەن زۆردارانەوە بنووسرێ، نەک هەر تێرۆریزم بەڵکوو زۆر کاری دیکەش مانایەکی روون و دیاریکراویان نابێ و زۆرداران دەتوانن هەموو جووڵانەوەیەکی عادڵانە و هەموو ڕاپەڕینێک و کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بە خیلافی قانوونەکانی خۆیانی دابنێن و بە عینوانی تیرۆریزم مەحکوومیان بکەن، لە بەرامبەر دا هەموو جینایەتێکی خۆیان بە رەوا و عادڵانە و قانوونی لە قەڵەم بدەن.» (لاپەرەی ١٥٦ ی کتێبی هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی، چاپی سوئێد)،

**یەکێکی دیکە لە رەنگدانەوەکانی ئەو تایبەتمەندییە بەرزەی د.شەرەفکەندی لە هەڵوێست و روانینەکانی دا، بەڕەسمی ناسینی خەبات دژی ستەم و بێ مافی بوو، جا ئەگەر بە هۆی ئەم خەباتخوازییەوە ئاشتی لە ئاستی ناوچە و جیهانیش دا کەوتبایە مەترسییەوە:**

«تا کاتێک زوڵم و زۆر هەبێ، تا کاتێک چەوساندنەوەی جۆربەجۆری جینایەتی، نەژادی، نەتەوەیی، مەزهەبی و جینسی باو بێ، تا کاتێک دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە لایەک و یەخسیری و کۆیلەتی و دیلی و ژێر چەپۆکی و هەژاری لە لایەکی دیکە لە گۆڕێ دابێ، شەڕ و ناکۆکی هەر دەبێ و هەر دەشبێ ببێ. چەوسێنەر و زاڵم و سەرەڕۆ هیچکات بە مەیلی خۆیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەست لە چەوساندنەوە و زوڵم و دیکتاتۆری هەڵ ناگرن، مەگەر بە زۆری و لە ئاکامی شکست لە خەباتێکی توندوتیژ دا نەبێ! کەوابوو سوڵح و ئاشتیی گشتیی جیهانی و هەروەها شەڕ و خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و بۆ لە نێوبردنی زوڵم و چەوساندنەوە نەک هەر لێک جیا نین، بەڵکوو دوو لایەن و دوو دیوی یەک مەسەلەن کە یەکیان تەواوکەری ئەوەی دیکەیە. ئەو مەسەلەیەش بریتییە لە ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤ.» وتاری «ساڵی تازەی جیهانی» (بە بۆنەی دەسپێکردنی ساڵی ١٩٨٩)


سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## د.شەڕەفکەندی و مامۆستا هەژاری موکریانیی برای و "مەسەلەی ویژدان"



د.قاسملوو چەند مانگێک بوو شەهید ببوو، د.شەڕەفکەندی کە پێش ئەو رووداوە جێگری سکرتێری گشتی بوو و بەکردەوە دوای تیرۆری د.قاسملوو، ئەرکەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی کەوتبووە سەرشان، لە پلینۆمی بەرینی کومیتەی ناوەندییدا، بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرابوو.

من ئەوکات ئەندامی رێبەریی حیزب نەبووم، بەڵام بەهۆی هاوکاربوونم لەگەڵ بەڕێزی لە دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، هەتا چەند مانگ دوای هەڵبژێرانیشی بە سکرتێری گشتی، لە زۆربەی ئەندامانی رێبەری زیاتر، دەرفەتی دیتن و کۆبوونەوە و سوودوەرگرتن لە زانست و ئەزموون و بۆچوونەکانیم بۆ ڕەخسابوو. هەموو مانگێک لانیکەم دووجار وەک دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "کوردستان" کۆ دەبووینەوە و بەگوێرەی ئەو سووژە و

پرسانەی دەبا لەسەرمان نووسیبان، هەروەها بەپێی ناوەڕۆکی ئەو وتارانەی بۆ ڕۆژنامە دەماننووسین و لە کۆبوونەوەدا، قسەمان لەسەر دەکردن، قسە و باسی جۆراوجۆر دەهاتنەگۆڕ. لەڕاستیدا، هەر یەک لەو کۆبوونەوانە، بۆ ئەمانان وەک کلاسێکی فێربوون وابوون.

هەر لەو ماوەیەدا کە د.شەرەفکەندی چەند مانگێک بوو ئەرک و بەرپرسایەتیی سکرتێریی حیزبی کەوتبووە ئەستۆ و، نیگەرانی لە ڕێککەوتنی دوو ڕێژیمی عێراق و ئێران و ئەگەری پێکهاتنیان لەسەر چۆنیەتیی لەنێوبردنی بزووتنەوەی کورد لەهەر دوو بەشی کوردستان هەبوو ، باسی نامەیەکی براگەورەکەی، مامۆستا هەژاری بۆ کردین. وتی کاک هەژار بۆی نووسیوم: سادق! دەزانم زۆر هەست بە قورسیی ئەو بەرپرسایەتییە دەکەی کە کەوتووەتە سەرشانت و زۆرت بەلاوە گرنگە کە لە عۆدەی بێیەدەر و تێیدا سەرکەوتوو بی. ئەو هەمووە نیگەرانییەی ناوێ، تەنیا یەک شتت بۆ گرنگ بێ، ئەویش ئەوەیە: ئەو شتەی لەم کاتەدا ویژدانت لێتی دەوێ، بیکەی. تۆ دەبێ بزانی کەم ڕێبەر و سەرکردە هەبوون هەموو ئەو شتانەی ئاواتیان بووە، بۆیان هاتبێتەدی، بۆیە گرنگ ئەوەیە ئەو شتەی ویژدانت لە ساتەوەختی مێژووییدا لێتی دەوێ، نەیخەیە ژێر پێ."(دیارە من وشەکانی مامۆستا هەژارم کە د.شەڕەفکەندی بۆی باس کردین، یەک بە یەک لەبیر نین و ئەوەی گێڕاومەوە، کاکڵی ئەو قسانە بوو). بە هەڵسەنگاندنی خۆم دەتوانم بڵێم د.شەڕەفکەندی بە تایبەتی لە پۆست و بەرپرسایەتیی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، خۆی شەرمەزاری ویژدانی خۆی نەکرد و ئەوەی بۆ سەربەرزیی حیزبی دیموکرات و بۆ بەرژەوەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە کوردستان و ئێراندا بە پێویستی زانی و لە دەستی هات، خۆی لێنەبوارد. یادی بەڕێز.

***

**"مەسەلەی ویژدان" ناوی چیرۆکێکی ئەحمەد موختار جافە و من بە ئەنقەست لە سەردێڕی ئەم بابەتەدا هێنام.**

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوولای ٢٠٢٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسینی: قادر وریا




## تێکۆشانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسی:

- لەدایکبووی ١٩٦٣ی ناوچەی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیی لە شاری شنۆ خوێندووە.

- لە ١٩٧٩ تێکۆشانی سیاسی و کولتووریی لە ڕیزەکانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دەست پێکردوە.

- لە سەرەتای هاوینی ١٣٥٩(١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. هەتا ساڵی١٩٨٧لە ناوچەکانی شنۆ، نەغەدە، ڕەبەت، هەر وەها لە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وەک کادرێک، ئەرکی حیزبی و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە سەرشان بووە.

- لە ١ - ١ - ١٩٨٨ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ کوێستان فتووحی پێک هێناوە، بەرهەمی ژیانی هاوباشیان کچێک بە ناوی "هانا" و کوڕێک بە ناوی "هیوا"یە.

- لە ١٩٨٨ەوە لە بەشەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتدا ئەرک و بەرپرسایەتیی پێ سپێردراوە. بۆ ماوەی دەیان ساڵ لە بەشی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، تێکۆشان و بەرپرسیایەتیی هەبووە. بە سەدان ڕاگەیەندراو و بەیاننامە حیزبی دیموکرات و بە هەزاران وتار و بابەتی سیاسیی بۆ ڕۆژنامە، ڕادیۆ، گۆڤارەکان و بە گشتی میدیای ئەو حیزبە نووسیوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لە (١٩٩٥ - ٢٠٠٤) سێ دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

- لە ٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٨ ئەندامی دەستەی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە.

- لە( ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٩) سێ دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. لە کۆنگرەی حەڤدەی حیزبی دیموکراتی کوردستان(٢٠١٩)، بە ویستی خۆی وازی لە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هێناوە و چی تر خۆی بۆ ڕێبەریی حیزب بەربژێر نەکردووە.

## کارنامەی زانستی و ڕۆشنبیری:

- بەکالۆریۆسی لە ٢٠٠٢ - ٢٠٠٦ لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کۆیە تەواو کردووە.

- لە ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٠ ماستەری زمانی کوردی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە.

- لە ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٣ خوێندنی دکتۆرای تەواو کرد و لە ٢٢ - ٢ - ٢٠٢٤ بڕوانامەی دکتۆرای پێدراوە.

- لە ٢٠١٠ هەتا ٢٠١٧ لە بەشی کوردیی زانکۆی ڕاپەڕین، لە٢٠١٧ەوە هەتا کۆتایی ٢٠٢٤ لە بەشی کوردیی زانکۆی کۆیە وەک مامۆستا خزمەتی کردووە.

- نامەی ماستەرەکەی لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە.

- تێزی دکتۆراکەی لە بارەی سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە.

### – زیاتر لە ٢٠ پەرتووکی نووسین، وەرگێڕان و توێژینەوەی هەیەکە بریتین لە:

١- پەرتووکی "کوردستان" تایبەتنامەی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ١٩٩٨، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپی کردووە.

٢- بنچینەکانی وەرگێڕان (پەرتووکی گیرفان)، ١٩٩٩، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی کردووە.

٣- پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ (وەرگێڕان)، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٢، ناوەندی هیوا، سلێمانی،

٤- مێژووی پەروەردە و فێرکردن (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥، مەکتەبی بیر و هوشیاری، سلێمانی چاپی کردووە.

٥- قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە. (نووسین و وەرگێران)، پەرتووکخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠٠٥ چاپی کردووە.

٦- پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ (وەرگێڕان)، ٢٠٠٦، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی کردووە.

٧- چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ (وەرگێڕان)، ٢٠٠٦، هەولێر دەزگای موکریانی، چاپی کردووە.

٨- حەڤدە کوورتیلە چیرۆک (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦، بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٩- چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،(وەرگێڕان)، ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦، بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

١٠- ڕینوێنی هونەری مودێرن،(وەرگێڕان)، لە ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥ بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

١١- ئاساییشی نێودەوڵەتی (وەرگێڕان)، ٢٠٠٧، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، چاپی کردووە.

١٢- خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (نامەی ماستەر) ٢٠١٠.

١٣- وەرگێڕان، پێناسە، بنەما، جۆر و مێژوو. ٢٠١١،کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

١٤- تیرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(کۆمەڵە وتار) ٢٠١٩، ئەڵمان.

١٥- دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژووی حیزبی دیموکرات. ٢٠١٩، هەولێر.

١٦- مچەی کەچەی (بەسەرهات)، ٢٠٢٠، ڕۆشنگەری، ئەڵمان.

١٧- شیلانی شەڕگە (کۆمەڵە شیعر)، ٢٠٢٠، ڕۆشنگەری، ئەڵمان.

١٨- شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان، ٢٠٢٢، هەولێر.

١٩- سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ٢٠٢٥ ناوەندی تیشک.

٢٠- کتێبی "پەڕاوی پەیڤ و پێنووس و پەرتووک"، ٢٠٢٦، بە زوویی بڵاو دەبێتەوە.

٢١- "ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵوەرین"، ٢٠٢٦، بە زوویی بڵاو دەبێتەوە.

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٤ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی

---





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێی تێکۆشەر قادر وریا بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، بابەتە کان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org